گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue 6 2024
ID No. 2166 (PP 12-28)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.6.2

توێژینەوە

# بارودۆخی سیاسی و ئایینی شانشینی ئەدیابین لە سەردەمی دەوڵەتی ئەشکانیدا

**شاڵاو مصطفى عبدالرحمن/** بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان زانکۆی ڕاپەڕین-ڕانیە ، سلێمانی ،هەرێمی کوردستان ،عێراق

## پوختە

شانشینی ئەدیابین (حدیاب- Adiabene )بەیەکێك لە شانشینەکانی ژێرقەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئەشکانی هەژماردەکرێت لەڕوی سیاسیەوە ، هەڵکەوتەی جوگرافی شانشینەکە لە بەشی خۆرئاوای دەوڵەتی ئەشکانی بوو، دەکەوتە نێوان زێی بچوکو زێی گەورە ، هەولێر پایتەختی سیاسی و کارگێڕی شانشینەکە بووە. هەرچەندە ئەم شانشینە توانیبووی دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆ بۆخۆی بەدەست بهێنێت، بەڵام بە درێژایی سێ سەدە لە حوکمڕانی ئەشکانیەکان لە ڕووی سیاسییەوە لەژێر ڕکێفی دەوڵەتی ئەشکانیدا بووە، جوگرافیای شانشینەکە سەرەڕای ئەوەی ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ بڵاوبونەوەو تێکەڵ بوونی کلتور و بیرو باوەڕە جیاوازەکان لە هەمانکاتدا وایکردبوو خاکی ئەم شانشینە ببێتە ناوەندی کێشمەکێشم و ململانێی نێوان ئەشکانی و ڕۆمەکان. لەسەردەمی (ئیزاتیس-ئازاتی دووەم) شانشینەکە لە ڕووی سیاسەوە لەو پەڕی هێزی خۆیدابووە، جگەلەوەی هەندێکجار وەك جەمسەرێکی هێزی ناوچەکە دەردەکەوتو کاریگەری هەبوو لە یەکلاییکردنەوەی پرسە سیاسییەکان لەناوچەکەدا. سەرەڕای ئەوەش لەکاتی لاوازی شانشینەکە ڕووبەڕووی داگیرکاری و کاولکاری بۆتەوە لەلایەن دەوڵەتی ئەشکانی و ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆم و پاشایانی ئەرمەنستان بەتایبەتی تێگرانی گەورە.

ئەوەی پەیوەستە بە بارودۆخی ئایینی شانشینەکە ئەوەیە کە فرەئایینی لەناو تەواوی شانشینەکە باو بووە، جگە لەوەی یەکێك لەو تایبەتمەندییانەی شانشینی ئەدیابینی پێدەناسرێتەوە و جێگەی بایەخ پێدانی مێژوونووسانە بڵاوبوونەوی ئایینی جولەکەیە لەناو بنەماڵەی پاشایانی ئەدیابین. وەرگرتنی ئایینی جولەکە لەلایەن بنەماڵەی پاشایانی ئەدیابین کارگەری ئەرێنی بۆسەر جولەکەکانی فەلەستین هەبووە ، ئەو سۆزە ئایینیەی شاژنە هێلیناو پاشایانی ئەدیابین هەیانبوو پاڵنەرێك بۆ یارمەتیدانی جولەکەکانی فەلەسین لە کاتی پێویستدا و کڕین و ناردنی دانەوێڵەو بەرهەمە خۆراکیە پێویستەکانی تر بۆیان سەرەڕای ناردنی هاوکاری ماددی و دیاری بەنرخ بۆ پەرستگای پیرۆز(بیت المقدس)،شوێن و هەڵکەوتەی ئەدیابین هۆکارێك بوو بۆ وەرگرتنی ئاینە جیاوازەکانیتریش وەك ئاینی مەسیحی ، ئەم هەڵکەوتەیە زۆرگرنگ بوو بۆ هاتوچۆکردنی کاروانە بازرگانیەکان و لە ڕێی ئەوانەوە موژدەبەرەکان سودیان لێوەرگرت ئاینی مەسیحیان لە ناوچەکە بڵاوکردەوە. لەهەمان کاتدا کۆمەڵێ خوداوەندی دیکە لەناو شانشینەکە پەرستراون کە زیاتر خوداوەندەکانی وڵاتی ئاشور و بابلی کۆن بوون، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەدیابین کاریگەری ئایینی هەرێمەکانی دەوروبەریشی لەسەر بووە.

CORRESPONDENCE
**شاڵاو مصطفى عبدالرحمن**
Shalaw.mustafa@uor.edu.krd

| | |
|---|---|
| وەرگرتن | 2024/04/30 |
| پەسندکردن | 2024/08/04 |
| بڵاوکردنەوە | 2024/12/15 |

**وشە سەرەکییەکان:**
شانشینی ئەدیابین ،
دەوڵەتی ئەشکانی ،
ئازاتی دووەم
،شاژنە هێلینا ،
ئاین ،
جولەکە.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

مێژوونوسانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دەوڵەتی ئەشکانی بە (ملوك الطوائف) پێناسە دەکەن،لەهەمانکاتدا مێژوونوسانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەوەسفی دەوڵەتی ئەشکانی دەیانوت بریتیە لە کۆمەڵێك شانشینی جیاجیای یەکگرتو ، هەردوو پێناسەکە ئەوە دەردەخەن کە دەوڵەتی ئەشکانی پێکدەهان لە کۆمەڵێك شانشین و هەرێمی جیاجیا، ئەوەی مەبەستمانە بیڵێین ئەوەیە لە باکوری خۆرئاوای دەوڵەتی ئەشکانی چەند شانشینێکی بچوك هەڵکەوتبون لەشێوەی هەرێمی جیاجیا ئەم شانشینانە توانیبویان دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆ بۆخۆیان بەدەست بهێنن، فەرمانڕەوایانی ئەم شانشینانە بە پێی بارودۆخی سیاسی ئەو ڕۆژگارە بەگشتی لە پاڵ دەوڵەتی ئەشکانی دابوون و هەندێك جاریش بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیە سیاسیەکانیان پاڵیان دەدایە پاڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆم، لە هەمانکاتدا هەندێکجار دەیانتوانی دەسەڵاتێکی تەواو سەربەخۆ بەدەست بهێنن و بەڕادەیەك کاریگەریان لەسەر بڕیارە سیاسیەکانی ناو کۆشکی دەوڵەتی ئەشکانی هەبووە، یەکێك لەو شانشینانەی کە لە خۆرئاوای دەوڵەتی ئەشکانی هەڵکەوتبو شانشینی (ئەدیابین)بوو کە توانیبوی دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆ لە ناوچەکە بەدەست بهێنێت، ئەم شانشینە بە درێژای سێ سەدە لە حوکمڕانی دەوڵەتی ئەشکانی بەهۆی هەڵکەوتەی گرنگی جوگرافیای شانشینەکە بوبوە جێگەی سەرنج و چاوتێبڕینی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم و لە هەوڵدابووە بۆ ئەوەی شانشینەکە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، ئەمە وایکردبوو ئەم شانشینە ببێتە چەقی ململانێ و مەیدانی بەشێك لە پێکدادانەکانیان، هێرشی سەربازی هەر لایەکیان بە خاکی ئەم شانشینەدا تێدەپەڕین ، بۆیە ئەدیابین نەیدەتوانی بەشێك نەبێت لە ململانێکانی لەنێوان دەوڵەتی ئەشکانی و ئیمپراتۆریەتی ڕۆم،شانشینی ئەدیابین ڕۆڵی سیاسی و سەربازی خۆی بینیوە لە ململانێکاندا، لەهەمانکاتدا هەموو هەوڵی پادشایانی شانشینەکە لە پێناو پاراستنی ئەو کیانە سیاسی و سەربازیە بوو کە لە ناوچەکە بەدەستیان هێنابوو، هەوڵیاندەدا شانشینەکەیان بخەنە دۆخێکەوە کە پێگەیەکی کاریگەری هەبێ لە ناوچەکەدا هەرچەندە دەتوانین بڵێین ئەم شانشینە بەدرێژای سێ سەدە لە حوکمڕانی دەوڵەتی ئەشکانی بەشێك بووە لەم دەوڵەتە، بەڵام هەندی جار هێندە بە هێز بووە وەك جەمسەرێکی هێزی ناوچەکە سەیرکراوە خۆی بە پاشکۆی هیچ کام لە دەوڵەتانی ناوچەکە نەزانیوە ، ئەم هەرێمە چەندین جار توشی هەڕەشەو داگیرکاری و کاولکاریی بووە لەلایەن ئەشکانی و ڕۆمەکان و ئەرمەنیەکانیشەوە کە لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان بەوردی باسی لێوە دەکەین.

هەرچی پەیوەستە بە بواری ئایینی ئەوەیە کە زانراوە دەوڵەتی ئەشکانی ئایینێکی فەرمی نەبووەو فرە ئایینی و ئازادی ئایینی لەناو هەرێمەکانی دەوڵەتی ئەشکانی پرسێکی باو بووە، ئەوەی جێگەی سەرنجەو یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی شانشینی ئەدیابینی پێدەناسرێتەوە، بڵاوبونەوەی ئایینی جولەکە بووە لەناو شانشینەکە کە بە ئایینی پاشایەتی ئەدیابین ناسراوە ، وەرگرتنی ئایینی جولەکە بەپێی لێکدانەوەی مێژوونوسان دیوێکی سیاسیشی هەبوە و کاریگەری لەسەر لایەنی بازرگانی و ئابوری شانشینەکەش داناوە، هەرچەند بەتەواوی نازانرێ ئەم ئایینە بۆتە ئایینی فەرمی تەواوی شانشینەکە یاخود تەنها ئایینی پادشایان بووە بەڵام دەتوانین بڵێین بڵاو بوونەوەی ئایینی جولەکە زیاتر کاریگەری باشی لەسەر لایەنی سیاسی و ئابوری شانشینی ئەدیابین جێهێشتوە.

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:** ئامانج و گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە لەلایەك پێگەی سیاسی شانشینی ئەدیابین لە هاوکێشەسیاسەکانی ناوچەکەدا وە ڕۆڵی شانشینەکەمان لە ململانێکانی نێوان ڕۆم و ئەشکانیەکان خستۆتەڕوو، زانیاری و بەڵگەنامە مێژوویەکانمان سەبارەت بەم شانشینە کۆکردۆتەوە یەکخستوە ، لەلایەکیترەوە بارودۆخی ئایینی و هۆکارەکانی وەرگرتنی ئایینی جولەکە لەلایەن بنەماڵەی پادشایانی ئەدیابین خراوەتەڕوو، هەروەها تا ئەو جێگەیی توانراوە ئەو بەڵگەنامە مێژوییە ڕەسەنانەی لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئایینی شانشینەکە بەشێوەی پەرت و بڵاو شاراوە هەبوون کۆکراونەوە و ڕێکخراون دواتر لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی زانستی خراونەتەڕوو.

**سنوری توێژینەوەکە:** هەرچەندە بەشێکی زۆر لە ڕوداوەکانی تایبەت بە شانشینی ئەدیابین تاوەکو سەرەتای سەدەی یەکەمی زاینی بەشێوەیەکی ڕێکو پیك تۆمار نەکراون لەلایەن مێژوونوسانەوە ، بەڵام ئێمە هەوڵمانداوە هەرچۆنێك بێت بارودۆخی سیاسی و ئایینی لەناو شانشینی ئەدیابین دیاریکەین و بنوسینەوە لەسەرەتای دەرکەوتنی دەوڵەتی ئەشکانیەوە تا ڕووخانی ئەو دەوڵەتە، بۆیە دەتوانین بلێین سنوری توێژینەوەکەمان بارودۆخی سیاسی و ئایینی شانشینی ئەدیابین مان خستۆتەڕوو لەسەردەمی دەوڵەتی ئەشکانی (247پ.ز تا223ز).

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە چەندین شێواز و میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژویی، بەتایبەتی میتۆدی وەسفی و شیکاری و کۆکردنەوەی سەرچاوە بەکاربهێندرێت و لەم پێناوەشدا هەوڵدراوە بەپێی توانا جەخت بکرێتەوە لەسەر زانیارییە

ڕەسەنەکان کە زۆربەیان بە زمانی فارسی وئینگلیزی و لەمر کۆتاییانەش چەند توێژەرێکی کورد کە لەو بوارەدا لێکۆلینەوەیان کردووە بە زمانی کوردی نوسیویانە  سودیان لێوەربگیرێت.

**بەشەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکەمان جگە لە پێشەکی و ئەنجامر  و لیستی سەرچاوەکان و کۆمەڵێ پەراوێزی گرنگ ، لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتوە، تەوەری یەکەمر بریتیە بارودۆخی سیاسی شانشینی ئەدیابین ئەمر تەوەرەمان بەسەر چەند باسێك دابەشکردووە کە پێمانوابووە بۆزیاتر بەهێزبوونی توێژینەوەکەمان و تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان گرنگی خۆیان هەیە ، یەکێك لەو باسانە دیاریکردنی جوگرافیایی شانشینەکەیە، بۆ ئەمر مەبەستە بە پێویستمان زانیوە بۆچونی کۆمەڵێ مێژوونوس و جوگرافیزان لەسەر دیاریکردنی جوگرافیای شانشینەکە بخەینەڕوو، لەدواتردا باسی بارودۆخی سیاسی شانشینەکەو باسکردنی یەك بە یەکی پادشاکانی شانشینەکەو سەردەمی بەهێزی و لاوازی و فراوانخوازیەکانی شانشینەکەو دواتر داگیرکردنو وێرانکردنی شانشینەکەمان بەوردی خستۆتەڕوو .
تەوەری دووەمـی توێژینەوەکەمـان بـریتیە لە بـارودۆخی ئـایینی شانشـینی ئەدیـابین ، ئەمر تەوەرەشـمان بەسـەر چەنـد باسـێکدا دابەشکردووە ، لە تەوەری یەکەمر ئاماژەمان بە بارودۆخی ئایینی ئەدیابین مان کردووە بەر لە بڵاوبونەوەی ئایینی جولەکە پرسی فـرە ئاینی و کاریگەری ئاینی مژاری ئەمر تەوەرەمانە ،لە دواتردا بەوردی باسی بڵاوبونەوەی ئایینی جولەکەمـان بەوردی کـردووەو هۆکـارو دەرئەنجامر و بیری ئاینی پاشایانی ئەدیابینمان بەوردی خستۆتە بەر باس ، لە کۆتا تەوەری باسی دووەمر دا باسی بڵأوبونەوەی ئـاینی مەسیحی و چۆنیەتی بڵأوبونەوەی و ململانێ ئاینیەکانی ناوچەکەمان باس کردووەو بەمر تەوەرە کۆتایمان بە توێژینەوەکەمان هێناوە.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**
1.ئایا سنوری جوگرافی شانشی ئەدیابین جێگیرو نەگۆڕ بووە یان بەپێی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە لە گۆڕاندابووە؟
2.بەهێزترین پاشا و شاژنی  شانشـینی ئەدیـابین کـێ بـوون و ئەمر پادشـایانە کـاریگەری سیاسـیان هەبـووە لە ململانێکـانی دەوڵەتـی ئەشکانی و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمر؟
3.هەڵکەوتەی جوگرافی شانشینەکە چ ڕۆڵێکی گێڕاوە لە ململانێ سیاسیەکانی نێـوان ڕۆمر و ئەشـکانی؟لەهەمانکاتدا ئەمر هەڵـکەوتە جوگرافیە چ کاریگەریەکی لەسەر بیری ئایینی دانیشتوانی ناوچەکە داناوە؟
4؟بارودۆخی ئایینی شانشینی ئەدیـابین چـۆن بـووە و چیـان پەرسـتوە بەر لە بڵاوبـونەوەی ئـایینی جولەکە؟کـاریگەری هەرێمەکـانی دەوروبەری خۆیان و وولاتانی پێشخۆیان لەسەر بووە؟
5.ئـاینی جـوولەکە چـۆن بـوو بە ئـاینی فەرمـی بنەمـاڵەی پاشـایانی ئادیـابن ؟ ژمـارەك جـولەکە لەنـاوچەکە دەژیـان کەی و چـۆن ڕاگواسترابوون بۆ ئەمر ناوچەیە؟

## 1. بارودۆخی سیاسی شانشینی ئەدیابین لەسەردەمی دەوڵەتی ئەشکانیدا

### 1-1.جوگرافیای شانشینی ئەدیابین

سەبارەت بە جوگرافیای شانشینی ئەدیابین بەشـێکی زۆر لە مێژوونوسـان و جـوگرافی ناسـان لەسـەر سـنوری جوگرافیـای شانشـینی ئەدیابین نوسیویانە، بەر لەوەی بێینە سەر باسکردن لەسـەر سـنوری ئەمر شانیشـینە ئەوەی پێویسـتە بـوترێ ئەوەیە دۆخـی سیاسـی ناوچەکە ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە فراوان بوون یان بەرتەسك بوونەوەی شانشینەکە ، شانشینی ئەدیابینیش وەکو زۆر لە شانشینەکانی تری ناوچەکە لە گۆڕاندابووە(رضا و احمد ،2023 : 74)
هەڵکەوتەی شوێنی ئەدیـابن لە نـاوچەیەکی دەوڵەمەنـدو خـاکێکی بەپیـت و دەشـتاییەکی فـراوان بـووە ، ئـاوی ڕووبارەکـان و بـاران کـاریگەری زۆری هەبـووە لەسـەر بەهێـز بـوونی ژێرخـانی ئـابوری ئەمر نـاوچەیە(جلال ،2015، 167)، لە جوگرافیـای سـترابۆدا لە بڕگەیەکـی گرنگـدا دەڵێـت : بەشـێکی هەرە گەورەی ئەدیـابین لە دەشـتای پێکهـاتوە لەگەڵ ئەوەی بەشـێك بـووە لە بابـل بەڵامر فەرمانڕەوای تایبەت بەخۆی هەبووە. لە هەندێ لاوە هاوسنور بووە لەگەڵ ئەرمینیا ، لە هەمان بڕگە دا ناوی ئەدیابین –ئەدیابنێ  بە (ساككۆپۆديس  -  Saccopodes)دەهێنێت (Strabo, 16.1.19 , 225) ئەمە وشەیەکی یۆنانیە ئینگلیزیەکەی,,Sack-feet,, ە کە واتـای ,,پێ تورەگە,, دەگەیەنێت (Strabo, 16.1.19 , 225) ئەمر ناوە وا پێـدەچێت نـاوێکی نـاوچەیی بەبـێ لە گۆکردنـدا لەمر ووشـە یۆنـانیە چووە .
محمد شکور لەبارەی جوگرافیای شانشینی ئەدیابین دەڵێ:ئەدیـابینی سـەردەمی دەوڵەتـی ئەشـکانی مەبەسـت لێـی هەمـان سـنوری دەوڵەتی (ئاشوری)[i] کۆنە کە پێکدەهات لە شارەکانی (نینوا-اربيل)و دەشتەکانی گۆگامێـل و نشـینگەکانی تـری دەوری ئەمر شـارانەی

دەگرتەوە، هەندێك لە سەرچاوەکان شاری نوسەیبین (نصيبين)یشی پێوە دەلکێنن(شوکر،1371: 181-182)، هەولێر یان (ئەربێلا) پایتەختی سیاسی و کارگێڕی ئەم شانشینە بووە(جلال ،2010 :29)

لەهەمانکاتدا فەرهەنگی (دهخدا)ش ئەدیابین بە ناوچەی ئاشوری کۆن دەناسێنێت ئاماژە بەوە دەکات لەلایەن ئێرانیەکانەوە داگیرکراوە و لەسەردەمی دەوڵەتی ئەشکانی لە ڕووی کارگێڕیەوە هەرێمێکی سەربەخۆ بووە لە ڕووی سیاسیشەوە لەژێر قەڵەمڕوی دەسەڵاتی ئەشکانیەکانیدا بووە (دهخدا، 1337: 52/2 ).

شانشینی ئەدیابین هەرێمێکە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی ڕووباری دیجلە لەدوای سەردەمی (هیلینستی) پادشاکانی ئەم هەرێمە گوێڕایەڵی پادشایانی ئەشکانی بوون بەهێزترین پادشای ئەم شانشینە (ئیزاتیس-ئازات Izates ای دووەم 36-60ز)ناو براو کوڕی (مونوبازۆسۆسی یەکەم Monobazos I 25-36ز) و شاژنە (هێلێنا) بووە ، لەگەڵ هێلینای دایکیان شانشینەکەیان بەڕێوەبردووە و لە سەردەمی ناوبراودا سنوری ئەدیابین فراوان بووەو توانیویەتی شاری (نصبین)بخاتە سەر ناو سنوری جوگرافیای شانشینەکەی (Gafin-2005-391).زۆربەی خاکی ئەم هەرێمە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دیجلە بووە کە پێدەچێت خەڵکی ناوچەکە پاشماوەی گۆتیەکان بووبن ، چونکە بەشێك لە ناوەندی ژیانی دانیشتوانی ئەم شانشینە (ارابخا)کەرکوکی ئێستا بووە کە مێژوونوسی یۆنانی بطلیموس دانیشتوانی ئەم ناوچەی بە (گەرمگ)ناوهێناوە(فرای،1388: 445 ).ئەمە لە کاتێکدایە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا سنوری شانشینەکە جار جار گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە لە ڕۆژهەڵأتەوە لە ئەرمینیاوە دەستییکردوە تا دەشتاییەکانی خۆرئاوای ڕوباری دیجلە (جلال ، 2010 :29) هەروەها هاژە عبدالجبار و د.کۆزاد ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئاڵتون کۆپەر کە بە شارە دێی پردێ ناسراوە و نزیك کەرکوکە بەشێك بووە لە شانشینی ئادیابین (رضا و احمد، 2023 :75) ئەدیابین بەگشتی بە ناوچەی ئێستای نێوان سنورەکانی ئێران عیراق تورکیا دەگوترا لە ڕۆژهەڵاتیەوە لە دەریاچەی ارومیەوە دەستپێدەکرد زەوی و زارەکانی نێوان زێی گەورەو زێی بچوکی دەگرتەوە تاوەکو بە ڕۆژهەڵاتی دیجلەوە دەلکا ، ئەم جوگرافیایە لە سەرەتا بەشێکی سەرەکی دەوڵەتی ئاشوری بووە پاشان بووە بە بەشێك لە دەوڵەتی (میدیا) و دواتر بووە بە هەرێمیکی سەر بەدەوڵەتی (هەخامەنشی)[ii] و باجیان بە پادشایانی هەخامەنشی داوە ، لەگەڵ دەرکەوتنی دەوڵەتی ئەشکانی بۆتە هەرێمێکی سەر بەدەوڵەتی ئەشکانی بەلام شێوازی دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی شانشینی ئەدیابین لە شێوەی نیمچە سەربەخۆ بووەو توانیویانە دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی بوخۆی دەستەبەربکات لە ناوچەکەدا (جمشیدی،1402: 170).

وەك دەرکەوتنی ناو یان وشەی(ئەدیابین)یەکەمین جار ئەم ناوە (ئەدیابین) ساڵی (69 پ.ز) بەرچاو دەکەوێت کە وەك حکومەتێکی سەربەخۆ و پادشای سەربەخۆ لە ئەدیابین فەرمانڕەوایان کردووە(گۆتشمید،164،1387)بە گشتی زانیاری لێکدوور و پەرتەوازە لەو سەردەمە لە بارەی ئەدیابین بەردەستە لەو قۆناغەدا وا پیشان دەدرێت کە ئەدیابین هەرێمێك بووە دەسەڵاتێکی سەربەخۆی هەبوەو کەوتۆتە نێوان زێی بچوك و زێی گەورە ، زێی گەورە لەبەری باکوری بوەو زێی بچوکیش لە بەری باشوری ، لەهەمانکاتدا لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆم (تراجان 53-117 ز)ئەم شانشینە چەندینجار باسی لێوەکراوە بە هەرێمی ئاشور وەك بەشێك لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئەشکانی پێناسەکراوە(ساندرس،2007: 22) ،لە ڕاستیدا لەسەردەمی دەوڵەتی ئەشکانی چەند شانشینێك لە کوردستانی باشوری ئەمڕۆ دەرکەوتن لە گرنگترینیان حدیاب(ئەدیابین)بوو بەشێك لەم شانشینانە توانیویانە سەربەخۆی ناوخۆی خۆیان بپارێزن لە ئاستی دەرەکیش توانیبویان دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆ و خودموختاری لە ناوچەکە بەدەست بهێنن(رشید، 2005: 199).

سەرچاوە مەسیحیەکانیش لەژێر ڕۆشنای و ئاگای (کتاب المقدس) سەبارەت بە شانشینی ئەدیابین بە (زابین)واتا نێوان دوو ڕووبار پێناسەی شانشینی ئەدیابین یان کردووە کە مەبەستیان نێوان زێی بچوك و زێی گەورەیە، هەروەها ئاماژەیان بەوە کردووە کە هەولێر پایتەختی ئەم شانشینە بووەو (عطو، 1981: 7) لەسەردەمی دەوڵەتی ئەشکانی پایتەختی ئەم شانشینە وەتا (هەولێر)گەورەترین شار و نشینگەی ناوچەکە بووە (اسماعیل، 1986: 58) ، ئەم شانشینە زۆر کات ئەم سنوری جوگرافیایەکەی کە هەیبووە فراواندەکردوە و هەندێك کات دەسەڵاتی گەیشتۆتە شاری هەترا(حەزەر)لە ڕۆژئاوای موسڵ ، ئەدیابین لەگەڵ ئەوەی بەشێك بووە لە دەوڵەتی ئەشکانی بەڵام توانیبوی دەسەڵاتێکی ئەتۆنۆمی بۆخۆی بەدەست بهێنێت و لە لایەکی تریشەوە ئەدیابین بوو بووە قەڵغانێکی بەهێز بۆ پاراستنی دەوڵەتی ئەشکانی لە شاڵاوەکانی ڕۆم (غەفوری ، 2014 : 32)

پلینی دەڵێ کاتێك مەقدۆنیەکان هێرشیان کردۆتە سەر ڕۆژهەڵات بەهۆی لێکچونی ئەم شانشینە لە ڕووی سروشتەوە بە مەقدۆنیا، شانشینی ئەدیابینیان بە مەقدۆنیای بچوك ناو هیناوە (pliny ,1961: 66-68).

بەگشتی ئەگەر بمانەوێت جوگرافیای شانشینی ئەدیابین دیاری بکەین دەتوانین بەم شێوەیە دیاری بکەین : لە ڕۆژهەڵاتەوە لە کەناراوەکانی دەریاچەی ارومیەوە دەستپێدەکات زەویەکانی بە باکورو باشور بەدرێژای زێی گەورەو زێی بچوک درێژدەبنەوە تا دەلکێت بە کەناراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەوە(Sellood ,2001: 456)

## 2-1 بارودۆخی سیاسی شانشینی ئەدیابین

سیستەمی سیاسی شانشینی ئادیاب سیستەمی پادشایەتی بووە دەسەڵات پشتاوپشت لە باوکەوە بۆکوڕ یان برا گواستراوەتەوە ، بەشێك لە پادشاكانی ئەم شانشینە هێندە بەهێز بووە جگە لەوەی سنوری جوگرافی شانشینەکەیان فراوانکردووە،هەندێکجار ڕۆڵی سیاسی کاریگەریان گێراوە لە یەکلایکردنەوەی دیاریکردنی پادشایانی ئەشکانی یان لادانی پادشایانی ئەشکانی لە تەختی پادشایی،سەرەڕای ئەوەی زۆرجار بەهێزبونیان گەیشتۆتە ڕادەیەك سەرپێچی فرمانی پادشایانی ئەشکانیان کردووە بە هانایانەوە نەچوون کاتێك ڕوو بەڕووی جەنگ بوونەوە، هەرچەندە بەگشتی ئەرکی ئەو شانشینەبچوکانە ئەوەبوو لەکاتێك دەوڵەتی ئەشکانی بکەوتابایە جەنگەوە ئەو شانشینانەی لەژێرقەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئەشکانیدابوون لەسەرەیان پیویست کرابوو هێزی سەربازی بنێرن بۆیارمەتیدانی دەوڵەتی ئەشکانی،لەگەڵ ئەوەی بەگشتی شانشینی ئەدیابین لەڕووی سیاسیەوە بەدریژای سێ سەدە فەرمانبەرداری دەوڵەتی ئەشکانی بوو وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا بەڵام زۆرجاریش بەرچاو دەکەوێت شانشینی ئەدیابین بە ئامانجێکی سیاسی پاڵیداوەتە پاڵ ئیمپراتۆری ڕۆم، دەتوانین بڵێین شانشینی ئەدیابین توانیویەتی وەکو جەمسەرێکی هێزی ناوچەکە دەرکەوێت .

هەرچەندە بەهۆی تۆمارنەکردنی بەشێکی زۆر لە ڕووداوە سیاسیەکانی دەوڵەتی ئەشکانی زانیاریەکان لەبارەی ئەدیابین بە ئەندازەی پێویست بەردەست نین بەشێك لە تۆمارە ئەشکانیەکان لەلایەن ساسانیەکانەوە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو وێرانکرانو لەناوبراون (رضا و احمد ، 2023و 74) بەڵام ئەوە ڕوونە کە ئەم شانشینە لە ڕووی سیاسی بە گشتی لەژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئەشکانی بووە و پەیوەندی خزمایەتیش لە نێوان پادشایانی شانشینی ئەدیابین و دەوڵەتی ئەشکانی هەبووە(قدیانی،1384: 217).

سەبارەت بەوەی کە ئەم شانشینە کەی لەڕووی سیاسیەوە کەوتۆتە ژێر قەڵەم ڕەوی دەوڵەتی ئەشکانی بەشێکی زۆر لەمێژوو نوسان کۆنترۆڵکردنی ئەدیابین لەلایەن دەوڵەتی ئەشکانیەوە دەگەڕێننەوە بو سەردەمی (مهردادی یەکەمی 170-130پ.ز)، سەردەمی مهردادی یەکەم بەسەردەمی داگیرکردنی هەرێم و شانشینە بچوکەکان ناودەربێت ئەدیابینیش هەر لە چوارچێوەی ئەم داگیرکاریە دابووە و لەنێوان سالانی(141-145پ.ز)ئەشکانیەکان توانیویانە کۆنترۆڵی بکەن(Marciak,2017:374)، مهردادی یەکەم هێرشێکی چڕی بۆ کونترۆڵکردنی هەرێمەکانی خۆرئاوای دەوڵەتەکەی دەست پێکردوەو توانیویەتی شکست بەهەموو میرەکانی میسۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ئەشکانی بێنێت هەموو شانشین و هەرێم و میرەکانی ئەوناوچانەی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و ملکەچی فرمانەکانی خۆی کردوون ئەدیابین و (کردۆئین)وو لە دیارترین ئەو شانشینانە بوون کەوتنە ژێرقەڵەمڕەوی ئەشکانی(ولسکی،1383: 193) .

یەکەمین جار ناوی ئەدیابین لە تۆمارە مێژوویەکاندا ئاماژەی پێکرابی ساڵی 69پ.ز بووە بەگوێرەی قسەی پلوتارك پادشایانی ئەدیابین لەو سالەدا بەشدار بوون لەشەڕێکدا وەکو هاوپەیمانی پادشایانی ئەرمەنستان دژی ڕۆمەکان،بەڵام هەندێك لەسەرچاوەکان بەتایبەتی ئەو دراوانەی وەك بەڵگەنامە بۆ مێژوونوسان گرنگی خۆیان هەیە دەریدەخەن ئەدیابین وەکو شانشینێکی سەربەخۆ لە لە سەدەی دووەمی بەر لەزاینەوە پادشای خۆی هەبوەو بە پێی کۆنترین دراوەکان یەکەمین پادشای ئەدیابین ناوی(عبدیسەر)بووە برواکرێت لەسەدەی دووەمی پێش زاین پادشای ئەدیابین بوبێت(marciak,2017, 339)دوای عبدیسەریش پادشایەکی تردێت بەناوی ئەردەخار/ئەردەکار (Artaxares) ناوی ئەردەخار وەکو پادشای ناوچەی ئەدیابین لە سەرچاوە ڕۆمیەکاندا ئاماژەی پێدەکرێت کە هاتوە بۆسەردانی قەیسەر (ئۆگستین) لە نزیکی کۆتای سەدەی یەکەمی پێش زاین(Marciak,2016: 350)

دواتر پادشا(ئازاتی یەکەم)دێت لە نێوان سالانی (35-25پ.ز)حوکمی کردوە لە جێگەی ئەردەکا,ئازاتی یەکەم باوکی هێلیناو مونوبازۆسی بووە کە لە دوای خۆی دەتوانن بناغەی شانشینەکە لەناوچەکەدا بەهێز بکەن و ناوچەی (کوردوئین) دەخەنە سەر ئەدیابین ،و مونوبازۆسوسی کوڕی دەکاتە فەرمانڕەوای کوردوئین، دواتر بەرلە مردنی پادشا (ئازاتی یەکەم) کوڕەکەی (مونوبازۆسوسی) لە جێگەی خۆی دادەنێ(جلال ، 2010 :30)(سعیدی،1387: 136)،

شایەنی ئاماژە پێدانە پێشتر ئازاتی باوك مونوبازۆسوی کوڕی ناردبووە لای پادشای هەرێمی (اسپازینۆ) کە هەریمێکی سەربەدەوڵەتی ئەشکانی بوو دەکەوتە خەلیجی فارسی ئەمڕۆوە لە کۆشکی پادشا (مسنە)لەشاری(خاراکس)کە پایەتختی هەرێمەکە بوو، لە هەمان کۆشکدا گەورەدەبێت و پەروەردەدەکرێت هۆکاری ناردنی بۆ ئەو شارە دوورە دەستە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تا گیان و ژیانی شازادەی جێنشین پارێزراو بێت لە پلانگێڕیەکانی ناو کۆشك (دوبواز، 1342: 143) ؛ (Gofin,2005: 391).

پەروین مەنوچهر پێیوایە هەرلە دوای رووخانی دەڵەتی ئاشور(612پ.ز)بەشی رۆژهەلاتی دەوڵەتی ئاشور لە لایەن ماددەکانەوە وەك هەرێمێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ کراوە هەروەها بەشی رۆژهەلاتی دەولەتی ئاشور وەك هەرێمێك (ساتراب)ێك لە سەردەمی دەولەتی (هەخامەنشی 559-331پ.ز) مامەڵەی لەگەڵ کراوە و دواتر دوای نەمانی هەخامەنشیەکان دوای دروستبونی دەولەتی ئەشکانی زیاتر ئازادی سیاسی پێدراوە و لە رووی کارگێریەوە توانیویەتی سەربەخۆی زیاترو جۆرێك لە خۆبەرێوەبەری(خودموختاری)بەدەست بێنێت (منوچهر، 1386 :26).لەهەمانکاتدا صفیزادە لە بارەی شانشینی ئەدیابین ئاماژە بەوەدەکات کە چۆن ئەو شانشینە کە لەبەشی خۆرئاوای دەولەتی ئەشکانی هەڵکەوتبوو خاوەنی دەسەڵاتێکی تەواو سەربەخۆی سیاسی بووە و پایەتەختەکەی کە هەولێر بووە ناوەندێکی سیاسی و ئابوری گرنگی سەردەمی خۆی بووە(صفیزادە، 1382: 617).

دوای ئەوەی (ئەردەوانی دووەم 10-38ز)بوو بە پادشای ئەشکانی ، سنوری کارگێڕی دەولەتی ئەشکانی بەسەر دوو ناوچەدا دابەشکرد بەشی سەرو بەشی خوارو (سفلی و علیا) بەشی (سفلی)ناوچەکانی خۆرئاوای دەولەتی ئەشکانی و میسۆپۆتامیای دەگرتەوە، کە لەم بەشەدا چەندین هەرێم و شانشینی سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆ هەبوون، کەرۆڵێکی زۆریان هەبووە بەسەر بارودۆخی سیاسی و جەنگەکانی نێوان رۆم و ئەشکانی لە گرنگترینی ئەو هەرێمانە(کردۆئین-ئەدیابین)بوون (منوچهر، 1386: 27).

بۆئەوەی باشتر لە دۆخی سیاسی ئەدیابین تێبگەین پێویستە ئاماژە بە ژیانی سیاسی بەشێك لە پادشا کاریگەرەکانی شانشینەکە بکەین :

**یەکەم:مونوبازۆسوی یەکەم** : سەردەمی حوکمرانی مونوبازۆسو لەنێوان سالانی (25-35یان36 ز)دابووە کە سەردەمی ململانێ ناوخۆی و دەرەکیەکانی دەوڵەتی ئەشکانی بووە (Marciak,2017: 350) . مونوبازۆسوو بنیاتنەری شانشینی ئەدیابین بووە کوڕی (ئازاتی یەکەم)بووە ناوبراو لەسەر بنچینەی ئەو نەریتە باوانەی لەو سەردەمەدا هەبووە هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکەکە (هێلینا)کردوەو نزیکەی شەش ساڵ پێکەوە فەرمانڕەوای شانشینەکەیان کردووە(دوبواز،1342: 142)، لەساڵی (30ز) بەهۆی ئەو هاوپەیمانیەی (ئەردەوانی دووەم10-38ز)لەگەڵ ڕۆمەکان بەستی هێرشی کردۆتە سەر مونوبازۆسو ئەدیابینی داگیرکرد، مونوبازۆس دەتوانێت خۆی لەو هێرشەی پادشای ئەشکانی رزگارکات و ڕادەکات بۆ هەرێمی (ئیدسا) کە دەکاتە شاری ئورفەی باکوری کوردستانی ئەمڕۆ، بەڵام سەرهەڵدانی ململانێ ناوخۆیەکانی ناو کۆشکی ئەشکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی ناوخۆی ناو هەرێمەکانی دەوڵەتی ئەشکانی ڕێگە بۆ مەنوبازو خۆش دەکات بتوانێت ئەدیابین بخاتەوە ژێر دەستی خۆی( (Marciak,2017:350)، بەرهەمی هاوسەرگیری مونوبازۆسو و خوشکەکەی شاژنە(هێلینا) دوو کوڕ دەبن بەناوەکانی (مونوبازۆسوسی دووەم و ئیزاتس یان ئازاتی دووەم )لەسەر خواستی دایکی کوڕەبچوکەکەی (ئیزاتیس-ئازاتی دووەم) بوو بەشازادەی جێنشین و جێگەی باوکی لە تەختی پادشای ئەدیابین دادەنیشێت ساڵی 36ز کە ناوبراو ڕۆڵی گرنگ گێرا لە مەیدانی سیاسی شانشینەکەی(رضا و احمد ، 2023 :77) (رجبی، 1387: 168) .

**دووەم-ئازاتی دووەم ئیزاتیس)**دوای کۆچی دوای مونوبازۆسی هرچەندە ئازاتی دووەم بچوکترین کوڕی شاژنە هێلیناو مونوبازۆسوسی یەکەم بوو بەلام لەسەر خواستی دایکی بوو بە میراتگری تاجی شانشینی ئەدیابین(عبدالقادر، 1393، 77-78)مونوبازۆسوی کوڕەکەی(ئازاتی دووەم) بۆ پەروەردە و فێرکردنی کاروباری سیاسی ناردبووە لای پادشا(ابینرگلوس)پادشای هەرێمی (ئەسپازینو) لە شاری خاراکس کە پایەتەختی هەرێمەکەیە نیشتەجێی کردبو (پیگولوسکایا ، 1367 ،78)هۆکارێکی تری ناردنی ئازات بۆ خاراکس بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە پلانگێڕی لەناو کۆشك هەبوو بۆ لەناوبردنی شازادەی جێنشین ئەم ململانێیەش زیاتر لە نێوان ژنانی پادشا بوو هەریەکەیان لە هەوڵی ئەوە دابوو کوڕەکەی خۆی ببێتە میراتگری تاجی پادشای (دوبواز، 1342: 143) ، بەرلەوەی(ئازاتی دووەم) ببێتە پادشای شانشینەکەو دوای کامڵ بوونی باوکی لە خاراکس دەیگەڕێنێتەوە و دەیکاتە فەرمانڕەوای هەرێمی کوردۆئین (Marciak,2017: 351) ، سەبارەت بە چۆنیەتی گەیشتنی بە لوتکەی دەسەلاتی شانشینەکەی ئاماژە بەرۆڵو کاریگەری دایکی شاژنە(هێلینا)دەکرێت کەچۆن لە رێگەی پەیوەندی کردن لەگەڵ فەرماندە سەربازیەکانی ئەدیابین هەموو کوڕەکانی (مونوبازۆسو)ی هاوسەری دەستگیر دەکات دەیانخاتە زیندانەوە تا نەبنە رێگر لەبەردەم تاج لەسەرنانی کوڕەکەی ، و کاتێك (ئازاتی دووەم)بە دەسەڵات دەکات تا ئەم مەترسیە تەواو لەخۆی دوورخاتەوە هەموو براکانی بە دەستبەسەرکراوی دەنێرێتە لای پادشای ئەشکانی ئەردەوانی دووەم (10-38ز)ئەردەوانیش براکانی ئازات لای خۆی دەخاتە زیندانەوە(عبدلقادر " 1493: 79)؛ (رضا و احمد ، 2023 :77).لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی زاینی پادشایانی شانشینی ئەدیابین بوون بە خاوەنی دەسەڵاتێکی بەهێز لە ناوچەکەدا ، هێزی سیاسی پادشایانی ئەدیابین بەو جێگەیە گەیشتبوو کە هەندێکجار کلیلی چارەسەری کیشە ناوخۆیەکانی ناوکۆشکی پادشایانی ئەشکانی بوون(دوبوازی، 1342: 142) ، ئازاتی پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ پاشایامی ئەشکانی هەبووە (جلال ،2010 :30)سەردەمی ئەردەوانی دووەم ململانێ ناوخۆیەکانی ناو کۆشك زیاد دەکەن لە ئەنجامی پلانگێرییەك دژی

ئەردەوانی دووەم، سەرەڕای لادانی لەسەر تەختی پادشای مەترسیشی بۆ سەر ژیانی ئەردەوان دروستکرد (حسینقلی، 1351 : 200)، بەشێك لە خانەدانانی ئەشکانی پلانی کوشتنی ئەردەوان دادەنێن و سەرەتا لە پادشایەتی دەوڵەتی ئەشکانی لادەبەن ، ئەردەوان هەستی بەم پلانانە کردوو بۆ ئەوەی لەو مەترسیە ڕزگاری بێت بەخۆی و بەشێك لە نزیکەکانی و هەزاران پیاوی حکومەتەکەی ڕادەکەن بۆ ناو شانشینی ئەدیابین و پەنا بۆ ئازاتی دووەمی پادشای ئەدیابین دەبەن تا لەو مەترسیە بیانپارێزێت کە ڕووبەڕوویان بۆتەوە ئازاتی دووەمیش بەگەرمی پێشوازی لە ئەردەوان و هاوەڵانی دەکات و هەوڵی نێوەندگیری دەدات (پیگولوسکایا،1367: 98) یەکێك لە خانەدانانی ئەشکانی لەسەر تەختی پادشای دەوڵەتی ئەشکانی دانیشتبوو بەناوی (سیناموس) ئازات لە ڕێگەی نێردەی تایبەتی خۆیەوە داوا لە سیناموس دەکات واز لە ململانێ ناوخۆیەکان بهێنێت و کورسی پادشایەتی بداتەوە ئەردەوانی دووەم ، سیناموس داواکەی ئازات قبوڵ دەکات و داوای لێبوردن لە ئەردەوانی دووەم دەکات و بەو جۆرە نێوەندگیریەکەی ئازاتی دووەمی پادشای ئەدیابین ئەنجامی هەبو ئەردەوان دەگەڕێنێتەوە ناو کۆشکو دەیکاتەوە پادشای دەوڵەتی ئەشکانی (دوبوازی، 1342 :142-143). ئەردەوانی دووەمیش لەبەرامبەر ئەو هاوکاریەی ئازاتی دووەم کردی شاری (نصیبین)و دەوروبەری وەك خەڵات دەدات بە پادشای ئەدیابین بەم جۆرە سەردەمی ئازاتی دووەم سنوری شانشینەکەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی تەواو فراوان بوو لە ناوچەکە (josephus, 1821, 133-136)؛ (رضا و احمد ، 2023 :77) ؛(سعیدی ،1387:136).ئەمە سەڕای ئەوەی ئەردەوان تەختی لە ئازاتی دووەم (ئیزاتیس) پیرۆز کردتەختێکی لە زێڕ دروستکراوی پێبەخشی ، لە کاتێکدا ئەمە تەنها بۆ پاشایانی ئەشکانی ڕێگە پێدراو بوو(جلال ، 2015 :170)

لەڕاستیدا بارودۆخی ناوخۆی کۆشکی ئەشکانی بە گەڕانەوەی ئەردەوانی دووەم بنبڕ نەکراو بەردەوامی هەبوو هەرچەندە ئەردەوان بەشێك لە نەیارانی سەرکوت و لەناو بردن بەڵام دووبارە لە 37ز کەوتەوە ژێر هەڕەشەی نەیارانی کە لە نزیکەکانی خۆی بوون ئەمجارە ، دووبارە ڕایکردوو پەنای بۆ ئازات پادشای شانشینی ئەدیابین بردەوە(گوتشمید، 1388: 46)، دووبارە وەك جاری پێشوتر ئەردەوانی دووەم لەلایەن ئازاتەوە ئاشتەواي(سولح)ی بۆکراو گەڕێنرایەوە ناو کۆشکی پادشایی و تاجی پادشایەتی دەوڵەتی ئەشکانی خستەوە سەر (سعیدی ،1387:136).

بەهۆی ململانێ ناوخۆیەکانی ناو کۆشکی دەوڵەتی ئەشکانی دەسەڵاتی (ئازاتی دووەم) بەهێز بوو شانشینەکەی ڕۆڵی گرنگ و یاریکەرێکی سەرەکی ناو پرسە سیاسیەکانی دەوڵەتی ئەشکانی بوو بەڕادەیەك بەشێك لە پادشایانی ئەشکانی پشتیان بە (ئازاتی دووەم) دەبەست بۆ یەکلای کردنەوەی کێشەکانیان (Marciak,2017: 355) . ئازات هێندە بەهێز بوو بوو کاتێ (وردانی یەکەم 38-46 ز)ی پادشای ئەشکانی ساڵی 45بۆ46ز کەوتە جەنگەوە دژی ڕۆمەکان داوای هاوکاری سەربازی لە ئازات کرد بەڵام ئازات ڕەتی کردەوە یارمەتی وردان بدات ، ئەم ڕەتکردنەوەی فرمانە پادشاییە وردانی تورەکرد بۆیە بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر ئەدیابین بەڵام شۆڕشێکی ناوخۆی لەلایەن براکەی (گودورزی دووەم46-51ز) لەسەر تەختی پادشای لەناو بنەماڵەی پادشایی دەوڵەتی ئەشکانی سەریهەڵداو لە ئەنجامدا وردانی یەکەم لەلایەن براکەی و بەشێك لە گەورەپیاوانی ناو کۆشك دەکوژرێت و ئەو مەترسیە لەسەر ئەدیابین نامێنێت (جمشیدی ، 1402 : 176)، هۆکارێکی تری ڕەتکردنەوەی داواکەی وەردانی یەکەمی پادشای ئەشکانی لەلایەن ئازاتی دووەمی پادشای ئەدیابین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئازات هەوڵیداوە هاوسەنگی هێز لە نێوان ڕۆم و ئەشکانیەکان لە ناوچەکە ڕابگرێت و ڕێگە لە تۆڵەسەندنەوەی ڕۆمەکان ڕابگرێت ، بۆیە ڕەتی کردەوە لە هەڵمەتی لەو جۆرەدا بەشداری بکات( Josephus, 1821: 534-537).

شایەنی ئاماژە پێدانە پێشوتریش جارێکیتر وردان داوای (ئازاتی دووەم) کردبوو هاوکاری سەربازی پێشکەشی دەوڵەتی ئەشکانی بکات بۆ هێرش کردنە سەر ئەرمەنستان بەڵام ئازات ڕەتی کردبۆوە مێژوونوسان هۆکاری ڕەتکرنەوەی هاوکاری سەربازی ئازات بۆ وردان دەگەڕێننەوە بۆ دوو هۆکار یەکەم: پادشای ئەرمەنستان کە ناوی مهرداد بوو ئەوکاتە بەهاوکاری ڕۆمەکان بوبوە پادشای ئەرمەنستان و گوێڕایەڵی ڕۆمەکان بوو، شەڕکردن لەگەڵ مهرداد واتای ڕاگەیاندنی جەنگ بوو لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بۆیە ئازاتی دووەم نەیدەویست بچێتە ئەو جەنگەوە کە هیچ هیوایەکی بۆسەرکەوتن نەدەبینی لەو کاتەدا ، لە هەمانکاتدا ئازاتی دووەم لەو کاتەدا پێنج لە کوڕەکانی لەناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆم دا دەژیان بە بەشداریکرنی لەو جەنگەدا گیانی ڕۆڵەکانی دەکەوتە مەترسیەوە(جلال ،2015 : 170-171)؛(عبدالقادر، 1391: 86-87). دووەم: شانشینی ئەدیابین لەو ڕۆژکارەدا لە لوتکەی دەسەڵاتی خۆیدا بوو ڕۆڵێکی پڕ ڕەنگی هەبوو لە ڕوداوەسیاسیەکانی ئەو سەردەمەدا، لە هەمانکاتدا ئەم بێفرمانیەش بەشێك بوو لە نیشاندانی هێزی سەربەخۆی شانشینی ئەدیابین(دوبواز، 1342: 142) ئەمە لەکاتێکدابوو کە شانشینی ئەدیابین وەکو جەمسەرێکی هێزی ناوچەکە ڕۆڵی دەگێڕا و نەیدەویست بەشێك بێت لە پاشکۆی هیچ کام لەو دەوڵەت و ئیمپراتۆرانەی دەوروبەری، بەتایبەتیش دەوڵەتی ئەشکانی کە ململانێ ناوخۆیەکانی تەواو لاوازیان کردبوو هەر لەو سەروبەندانەدابو وەردان بە مەبەستی لەشکرکێشی

بۆسەر ئەدیابین خۆی ئامادەدەکرد کە شۆڕشێکی ناوخۆی بەسەرکردایەتی (گودەرزی دووەم 46-51ز)ی برای کۆتای بە وردان دێنێت لەشکرکێشیەکەی بۆسەر ئەدیابین پوچەڵ دەبێتەوە.

ڕوداوێکی تری سیاسی سەردەمی (ئازاتی دووەم) شایەنی ئاماژەپێکرنە و ڕۆڵوکاریگەری ئەم پادشایەمان بـۆ دەردەخـات لە ململانێ سیاسیەکانی ناو خێزانی خانەدانانی ئەشکانی ئەویش ململانێی نێوان (گودەرزی دووەم)و مهردادە کە لەنەوەی (فەرهـادی چـوارەم 38-2پ.ز)بوو، دوای سەرکەوتنەکەی گودەرز بەسەر براکەیدا و تاج لەسەرنانی(کەپێشتر ئاماژەمان پێکرد) پیاوانی خانەدانی ئەشکانی گودەرزیان ڕەتکردەوە وەك پادشـای دەوڵەتـی ئەشـكانی قبـوڵی بكەن،بـۆیە داوایـان لە ئیمپراتـۆیەتی ڕۆم کـرد هاوکاریـان بێـت لە یارمەتیدانی مهرداد و گەیاندنی بە تەختی پادشای دەوڵەتی ئەشـكانی ،ئەمە لەکاتێکـدابوو لەو ڕۆژگـارەدا مهـرداد لەنـاو ئیمپراتـۆری ڕۆمادا دەژیا، ڕۆمەکان ڕەزامەندیان دەربڕی و بەگوتەی مێژوونوس (تاکیتۆس)هەموو هیوای مهـرداد بۆگەیشـتن بەتەختـی پادشـای (ئازاتی دووەم)ی پادشای ئەدیابین بووە، ئازات لەگەڵ (ئابگار)پادشای هەرێمی (اوسروئن) کە هەرێمێکی هاوسنوری ئەدیـابین بـوو بە نهێنـی یـارمەتی گودەرزیـان دەدا بـۆ ڕووبەڕووبـونەوەی لەگەڵ مهـرداد و مـانەوەی لەسـەر کورسـی دەسـەڵات، ئەنجـامی ئەم ململانێیە مهرداد شکستی خوارد دەستگیرکرا ئەم ڕوداوە لە نێوان ساڵانی (49-50 ز) ڕویانـداو گـودەرز تێیـدا سـەرکەوتوبو(دوبواز، 1442: 151-152) سەرکەوتنی گودەرز بەسەر ڕکابەرەکەی بە هاوکاری ئازاتی دووەم بوو (سعيدي،1388: 137)

شایەنی باسە بارودۆخی ناوخۆی خێزانی ناو کۆشکی پادشای ئەدیابین لە نێـوان سـاڵانی 52-54ز تێکـدەچێت گەورە پیـاوانی کۆشـکی ئەدیابین چیتر (ئازاتی دووەم)بە شایستەی پادشایی شانشینەکەیان نازانن بۆیە داوا لە (بـلاش) پادشـای ئەشـكانی دەکەن هاوکاریـان بکات لەلادانی ئازاتی دووەم، بلاش بەم داواکاریەی گەورەپیاوانی ئەشکانی تەواو ڕەزامەندە بۆیە لە نامەیەکدا بـلاش داوا لە ئـازاتی دووەم دەکات دەستبەرداری تەختی پادشـای بێـت بەڵام ئـازاتی دووەم ڕەتـی دەکـاتەوە، لەبەر ئەم بێفرمـانیە دەوڵەتـی ئەشـکانی سوپایەکی سەربازی گەورە بە ئامانجی ڕووبەڕووبونەوەی ئـازاتی دووەم ڕێکـدەخات ئـازاتی دووەمـیش بڕیـاری ڕووبەڕووبـونەوەی دەدات بەڵام شـــاڵاوی (ســـکایەکان)[iii] دەبێـــتە هـــۆی هەڵوەشـــانەوەی هێرشـــی دەوڵەتـــی ئەشـــکانی بۆســـەر شانشـــینی ئەدیابین(گوتشميد،1388: 53).

دوای 25 ساڵ لە فەرمانڕەوای ئازات ساڵی 56ز دەمرێت و تەرمی ئازات لەگەڵ شاژنە هێلینای دایکی دەنێرێت بۆ ئورشەلیم و لەوێ لە گۆڕستایانی پاشایانی ئۆرشـەلیم بەخـاك دەسـپێردرێن و لە دوای خـۆی مونوبازۆسـی بـراگەورەی ئـازاتی دووەم لەسـەر تەختـی پادشای شانشینی ئەدیابین دادەنیشێت.( احمد و فوزى ، 1990، 127)؛ (رضا و احمد ، 2023 : 77)

**سێیەم-مونوبازۆسۆسی دووەم** :سەبارەت بە جێنشینی ئازاتی دووەم کە مونوبازۆسی برایەتی سەرچاوەکان کەمتر ئاماژە بە ژیان و ڕووداوەکانی سەردەمی ئەم پادشایە دەدەن،بەڵام لەچەند سەرچاوەیەك ناوی مونوبازۆسـی دووەم بەرچـاو دەکەوێـت کە ڕۆڵـی هەبووە لە ململانێکانی نێوان ئیمپراتۆری ڕۆم و دەوڵەتی ئەشکانی لەنێوان ساڵانی 56-63ز.

مونوبازۆسوی دووەم کـوڕی گەورەی شـاژنە هێلینـا و مونوبازۆسـی یەکەمە بەڵام لەبەر ئەوەی دایکـی دوای مردنـی مونوبازۆسـی یەکەم ئازاتی دووەمـی برایچـوکی پـێ شـیاوتر بـووە بـۆ جێنشـینی مونوبازۆسـی دور خسـتۆتەوە لە کـوردوئینی نیشـتەجێکردبوو و برابچوکەکەی کردۆتە پادشای شانشینەکەی، لەدوای مردنی بـراکەی لەلایەن ئەنجـومەنی بـاڵای خانەدانـانی ئەدیـابین، مونوبازۆسـی دووەم بە پادشای ئەدیابین دەستنیشانکرا (Marciak,2017: 361).مونوبازۆس لەسەردەمی حوکمی بـراکەی ئـازاتی دووەم ،بەهـۆی ئەوەی لەگەڵ بەشێك لە گەورە پیاوانی کۆشکی ئەدیابین پلانی لادانی ئازاتی برای دادەڕێژێت، ئازات دەریدەکات لەناو شانشینەکەی و ڕادەکات بۆلای (ئەبگەر) پاشـای ئیدیسـا کە حـوکمڕانی هەرێمـی (ئیدسـا)بوە ئەم هەرێـمە دەکەوتە ئـورفەی ئەمـڕۆ و دراوسـێی شانشینی ئەدیابین بووە ، دوای مردنی براکەی بە پشتیوانی (اکباروس) دەگەڕێنرێـتەوە ئەدیـابین و دواتـر لەلایەن ئەنجـومەنی بـاڵای ئەدیابین وەك پادشا دەستنیشاندەکرێت(Marciak,2017:359)

پێگەی ئەدیابین لەسـەردەمی مونوبـازوس گرنگی زۆری هەبـوو بـۆ دەوڵەتـی ئەشـكانی چـونکە هاوسـنور بـوو لە باکورەوە لەگەڵ ئەرمەنستات، ئەشکانیەکان ئەدیابینیان بۆ ڕوو بە ڕووبونەوەی ئەو وڵاتە بەکار دوهێنـا بەتـایبەت ئەمە لە کاتێکـدابوو ئە سـنورەکانی خۆرهەڵاتی ئەدیابین دووژمنی زۆری بۆ پەیدا بووبوو(جلال ،2015: 171)

ڕوداوی سیاسی گرنگی تایبەت بەسەردەمی ئەم پادشایە ئەوەیە کە سالی 61 ز تێگران (فەرمانڕەوای ڕۆما لە کەپەدۆکیا)هێرشی بـردە سەر ئەدیابین (بلاشی یەکەم51-78ز)ی پادشای ئەشکانی لە کاتێکدا ئەم هەواڵەی پێدەگات کە خەریکی ڕووبەڕووبونەوەیە لەگەڵ هۆزە سکاییەکان دوای ئەم هەواڵە بلاش ڕوودەکاتەوە ئەدیابین و ئەرمینیا لەگەڵ مونوبازۆس ڕووبەڕووی ڕۆمەکـان دەبـنەوە دوای چەند شەڕێکی گەورەو هێزەکانی ئەشکانی و ئەدیابین دەتـوانن بەسـەر سـوپای ڕۆمەکانـدا سـەرکەوتوبن و لە ئەدیـابین دەریـانکەن، هەروەها ساڵی 62ز کاتێك دەوڵەتی ئەشکانی دەیەوێ ئەرمینیا داگیربکات سوپای پیادەی ئەدیابین پێکهـاتەیەکی سـەرەکی ئەو سـوپا

هاوبەشە بوون كە گەمارۆیان خستۆتە سەر ئەرمینیا و بە هاوبەشی توانیان ئەو ئەرمینیا داگیر بكەن ، دوای ئەم ڕووبەڕووبـونەوەیە ئەشكانیەكان و ڕۆمانەكان لە شاری (نوسەیبین) بە ئامادە بوونی پاشای ئەدیابین ڕێكەوتن نامەیەكیان مۆر كردوو بەپێی ئەم ڕێكەوتن نامەیە سوپای ئەشكانی لە ئەرمینیا كشایەوە كەسێك بەناوی (تێرداد)دیاریكرا بۆئەوەی ببێتە فەرمانڕەوای ئەرمەنستان و ئەم كەسـە ڕەزامەندی ڕۆمانەكانیشی لەسەر بووە بۆ فەرمانڕەوای ئەرمەنستان ، ئەوەبوو لە دواتردا تێرداد لەگەڵ پاشای ئەدیابین مونوبـازۆس بۆ وەرگرتنی تاجی پاشای لە نیرۆن(54-68ز) چوون بۆ ڕۆما لە ساڵی 66ز ئەم كارە ئەنجامدرا ، كامەران محمەد جلال لەم بـارەیەوە دەڵێ : پێدەچێت بوونی پاشای ئەدیابین لەكاتی تاج لەسەر نـانەكە بـۆ گومـان بردنـی پاشـای ئەشـكانی بگەڕێـتەوە لە جێبەجێكردنـی ڕێكەوتن نامەكە . (Humborger, 1883: 802)؛ (جلال ،2015 :171)

**چوارەم:میزاسپس:** لەسەردەمی میزاسپس و سەرەتای سەدەی یەكەمی زاینی میسۆپۆتامیا بەگشـتی بـوو بـووە مەیـدانی جەنـگ و لەشكركێشیەكانی ڕۆمەكان، لەبەرئەوەی پادشای ئەدیابین هەوڵی ڕێگەگرتن لە پێشـڕەویەكانی ئیمپراتـۆر تراجـان(98-117ز) دابـوو ، ترجان ئەدیابین و پادشاكەی وەكو دوژمـن و ڕكـابەری خـۆی لەقەڵەمـ دابوو(رجـك،1392: 488) ترجـان هێرشـەكانی بە سـێ قۆنـاغ ئەنجامدا یەكەمیان داگیركردنی ئەرمینیا سالی 116ز.، دووەم داگیركردنی میسۆپۆتامیاو و نوسـەیبین و ئەدیـابین لە سـالی 115ز كۆتـا هێرشیشی داگیركردنی تەیسەفون بو سـاڵی 116ز (رضـا و احمـد ، 2023 :77) ؛ (پیگولوسـكایا،1387: 109)، بـۆ بـابەتی داگیركردنـی ئەدیابین بەشێوەیەكی ئاشتیانە تراجان فەرماندەیەكی سەربازی خۆی وەك نێردەی تایبەتی خۆی دەنێرێتە لای (میزاسپس)ی پادشـای ئەدیابین، میزاسپس نوێنەرەكەی تراجان دەگرێتو زیندانی دەكات (عبدالقادر، 1393 :81)، میزاسپیس پاشایەكی چالاك بـوو لە ڕووی سەربازییەی بەرگریەكـی زۆری كـردووە بەرامـبەر ڕۆمانەكـان (رضـا و احمـد ، 2023، 77)، ڕۆمامەكـان لەم هێرشـەیاندا سـوربوون لەسەر ئەوەی دەست بەسەر ئەم ڕێگایانەدا بگرن كە لە ڕێی تەیسـەفونەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆن ، بـۆ ئەم مەبەسـتە نوسـەیبین دواتر سینگارا (شەنگال) یان داگیر كرد (جلال ، 2015، 171-172) ؛(رضا و احمد ، 2014 :77-78)

بەوتەی ڕەجەبی ترجان دوای ئەم ڕوداوە بەهێزێكی گەورەو ترسناكەوە هێـرش دەكـاتە سـەر ئەدیـابین دوای داگیركردنـی شـارەكانی نصیبین و ڕوها و دەوروبەری ڕوباری دیجلە دواتر هێرش دەكاتە سەر هەولێر ناوەندی دەسەڵاتی شانشـینی ئەدیـابین ، هەرچەنـدە پادشای ئەدیابین(میزاسپس) هەوڵی بەرگری و پێشڕەویگرتنی دا لە سوپای ڕۆم بەڵام بێسود بووەو ئەدیابین بەتەواوی دەكەوێتە ژێـر ڕكێفی ئیمپراتۆری ڕۆم تاساڵی 117ز تەواوی دیوارو قەڵاو وڵاتەكە وێـران دەكرێـت، بەڵام بەمردنـی تراجـان و هـاتنە سـەر تەختـی هادریان میزاسپس دووبارە ئەدیـابین لە چنگـی ڕۆمەكـان دەردەهێنێـتەوەو خـۆی دەكـاتەوە پادشـای ئەدیـابین(رجبی،1387: 171)، لەدوای تراجان هەدریان ( 117-138ز)دەبێت بە ئیمپراتۆری ڕۆم و بۆ ماوەیەك هیچ جەنگێـك ڕووی نەداوەو هادریـان ویسـتویەتی پەیوەندی ئاشتی لەگەڵ پاشایانی ئەشكانی هەبێت ، ئەم ئارامیە ڕۆڵی هەبوو لە بوژانەوەی شانشینەكانی نێوان ئەشكانی و ڕۆمەكـان و گەشەی بەرچاویان بەخۆوە بینی بەتایبەت لە ڕووی بازرگانیەوە (جلال ،2010 :44)

ئەدیابین توانیویەتی سود لەوململانێیانەی نێوان ڕۆم و ئەشكانیەكان ببینێت و سەربەخۆی بـۆ شانشـینەكەی بگەڕێنێـتەوە، بەهـۆی ئەو ململانێیـانە و لاوازی دەوڵەتـی ئەشـكانی ، چەنـدین شۆڕشـی نـاوخۆی لە هەرێمەكـانی مـادد و بابـل و پـارس ڕویانـدا دوای دامركانەوەی ئەو شۆڕشە ناوخۆییانە دەوڵەتی ئەشكانی هێرش دەكاتە سەر ئەو هەرێم و شانشینە بچوكانەی كە كـاتی سـەرهەڵدانی شۆڕشە ناوخۆیەكان هاوكاری سەربازیان پێشكەش بە دەوڵەتی ئەشكانی نەكردووە لە دامركـانەوی شۆڕشـە ناوخۆییەكـانی، لە چـوار چێوەی ئەم هێرشانە ، هێرش دەكەنە سەر شانشینی ئەدیابین، سـاڵی 195ز كە ئەوكـات **(نرسـە)** پادشـای ئەدیـابین بـووە ، سـوپای ئەشكانی تەواوی شانشینی ئەدیابین داگیر دەكەن و هێرشێكی وێرانكەریش دەكەنە سەر هەولێرو وێرانی دەكەن و دواتـر شـارەكە بە تەواوی تاڵان دەكەن (نرسە)كە دوا پادشای ئەدیابین بوو بە دیلی دەیگرن و دواتر لە زێی بچوكدا نقـومی دەكەن و دەیخنكێنن(تزكرە اربیل، 1390: 51-58). لەهەمانكاتدا هۆكارێكی تری ئەم هێرشە داگیركاریە بەستنی هاوپەیمانیەتی بووە لە نێـوان نرسـە دواپادشـای ئەدیابین لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆم(دوبواز،1342: 231).

هەرچی سەبارەت بەڕۆڵوكاریگەریەكانی ئەدیابین لەسەر پەیوەنـدیەكانی نێـوان دەوڵەتـی ئەشـكانی و ئیمپراتـۆریەتی ڕۆمە دەتـوانین بڵێین ، سێ سەدە پەیوەندی نێوان ڕۆم و ئەشكانی پێكهاتبو لە شەڕو ململانێو كاولكاری ، هەرچەنـدە جـار جـارە پەیمـانی ئاشـتی و پەیوەندی بازرگانی لەنێوانیان هەبووە ، بەڵام ئەم پەیوەندیانە هێندە كورت و ناجێگیر بوون بۆ مێژوونوسان جێگەی بـایەخ نەبـون زۆربەیان تۆمار نەكراون ،هێزی ئەم دوو دەوڵەتە تاڕادەیەك هاوسـەنگ بـووە بـۆیە بەدرێـژای سـێ سـەدە ململانێكـان ئەنجـامێكی وەهای نەبووە كە هێزێكیان بتوانێ هێزەكەیتر ملكەچی خۆی بكات،ئەڵبەت ئەم باسە مانـای ئەوەنـیە كە ئەم ململانێـیە لـێكەوتەی

خراپی نەبووە بەڵكو كۆمەڵی كاولكاری بەرفراوان و دەرهاویشتەی كارەساتباری لێكەوتۆتەوە ، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمەگرنگە بزانین ڕۆڵو كاریگەری شانشینی ئەدیابین لەو ململانێە چی بوەو چۆن بووە.

دەستەواژەی (ملوك الطوائف) ئاماژەیەكی ڕوونە بۆ بوونی دەسەڵاتی نا ناوەندی(لامركزی) بۆ دەوڵەتی ئەشكانی، هەرچەندە ناوچەكە یەك قەڵەمڕەوی سیاسی دیاریكراو بوو لە دەست ئەشكانیەكان بەڵام ئەشكانیەكان سیستەمی سیاسی ووڵاتەكەیان لەسەر سیستەمی (لامركزی)ڕەنگڕێژكردبوو(كریستن ،1386: 37-48).لەهەمانكاتدا ئەم جۆرە لە سیاسەتی كارگێڕیە بەمانای ئازادی سیاسی تەواو نەبوو بۆ هەرێم و شانشینەكان بەڵكو دەسەڵاتی سیاسی ئەشكانی زاڵبوو بەسەر هەموو هەرێمەكاندا، پێویستیشە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت كە بابەتی پێدانی دەسەڵات بە خێزانە فەرمانڕەواكانی شانشینە بچوكو نیمچە سەربەخۆكان پەیوەندی دار بووە بە كۆشكی پادشای دەوڵەتی ئەشكانی،بەهێزی و لاوازی دەوڵەتی ئەشكانی ئەمانیش بەهێزو لاواز كردووە، هەرچەند پێدانی دەسەڵات بەو هەرێم و شانشینە بچوكانە مێژوویەكی دێرینتری هەیەو پەیوەست نیە بە دەوڵەتی ئەشكانی بەڵكو ئەم هەرێمانە لەسەردەمی دەوڵەتی هەخامەنشی پێدرابوو دوای هاتنی سلوكیەكان ئەم دەسەڵاتە بەجێگیری مایەو لەگەڵ دەركەوتنی دەوڵەتی ئەشكانیش ئەم هەرێمانە وەك خۆیان مانەوە تەنها لە ڕووی سیاسیەوە خۆیان كردە گوێڕایەڵ و شوێنكەوتە(تابع)ی دەوڵەتی ئەشكانی ، بۆیە جێگەی سەرسەڕمان نیە كە دەبینین ڕۆمەكان لە پێناسەی دەوڵەتی ئەشكانی دەڵێن بریتیە لە یەكگرتنی چەند شانشینێكی جیاجیا(ویسهرفر، 1390: 182-184 ).

ململانێی نێوان ڕۆم و ئەشكانی و شاڵاوەكانیان بۆسەر یەكتری ، هەردوو هێزی ناچاركردبوو سوپاكانیان بە بەردەوامی بەناو شانشینی ئەدیابین دا تێپەڕێنن، بۆیە ئەم شانشینە نەیدەتوانی بەشێك نەبێت لەم ململانێكانی نێوان ئەم دوو هێزەدا بەدرێژای سێ سەدە لە جەنگو پێكدادانەكانی نێوان ئیمپراتۆریەتی ڕۆم و دەوڵەتی ئەشكانی، زۆرجار پادشایان و سوپای ئەدیابین دەستاودەستیان دەكرد لەنێوان ئەم دوو هێزە بۆپاراستنی بەرژەوەندیەكانی خۆیان بەڵام بەشێوەیەكی گشتی شانشینی ئەدیابین بە درێژای سێ سەدە لە فەرمانڕەوای دەوڵەتی ئەشكانی لە ناوچەكە بەشێك بوو لەو دەوڵەتە(فرای، 1388: 192).هەرچەندە هەندێ ململانێ دەبینرێ لەنێوان بەشێك لە پادشایانی ئەدیابین و پادشایانی دەوڵەتی ئەشكانی بۆ نمونە مونوبازۆسی دووەم بەردەوام لە ململانێ دابووە لەگەڵ (بلاشی یەكەم)ی پادشای ئەشكانی بەڵام لەهەمانكاتدا كەسایەتیەكی كاریگەر بووە لەكاتی جەنگەكانی نێوان ڕۆم و ئەشكانی لە ساڵانی(60-63ز)، لەگەڵ ئەو ململانێیانەی كە لەگەڵ (بلاشی یەكەم 51-78ز) هەیبوە بەڵام دیسان شانشینەكەی بەبەشێك لە دەوڵەتی ئەشكانی زانیوەو لە ململانێكاندا لە سەنگەری ئەشكانیەكاندا بووە دژی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم (Michal,2017:365) هەرچەندە لەڕووی سیاسی تاڕادەیەك سەربەخۆ بوون لە ڕوو ئابوریش تەواو سەربەخۆبوون و (سكە لێدان)ی تایبەت بەخۆیان هەبوەو یاسای تایبەت بەخۆیان لە بەڕێوەبردنی وولا داناوەو بەڵام دیسانەوە بەردەوام گوێڕایەڵی دەوڵەتی ئەشكانی بوون و لە كاتی جەنگەكانی دەوڵەتی ئەشكانی ناچار دەكران هێزی سەربازی بۆ یامەتیدانی دەوڵەتی ئەشكانی بنێرن.

## 2: بارودۆخی ئایینی شانشینی ئەدیابین

### 2-1 بارودۆخی ئایینی شانشینی ئەدیابین بەر لە بڵاوبونەوەی ئایینی جولەكە:

هەرچەندە كارلێكی ئایینی هەبووە لەنێوان هەرێم و شانشینەبچوكەكانی ناو دەوڵەتی ئەشكانی. بەڵام ئایینی هیچ هەرێمێك نەبەستراوەتەوە بە ئایینی ناوەندی(مركزی)دەوڵەتی ئەشكانیەوە (رجبی،1387: 180)، بەگشتی ئەشكانیەكان بە ئاسانكاریی ئایینی بە ناوبانگ بون و وازیان لەو هەرێمانە دەهێنا كە شوێنكەوتوی وڵاتەكەیان بون تاوەكو لەسەر ئایینی خۆیان بمێننیەوە، و ڕێگەیان بە دروستكردنی پەرستگەكانیشیان دەدا بۆ نمونە لە وڵاتی عێراقی كۆنی ژێردەستیان چەند خواوەندێكی ناوخۆیی دەپەرستران، و چەندین پەرستگە لە شارە دێرینەكانی وەكو (وركاء) و (نفر) و (كیش) و چەندین شوێنی دیكە لە سەردەمی ئەشكانیدا دروستكران (باقر و آخرون، 1980: 105).

سەبارەت بە ئایینی دانیشتوانی شانشینی ئەدیابین قسەو باسی زۆر ئاماژە بەوەدەكرێت دانیشتوانی ئەدیابین بەر لەوەی ببنە جولەكەلەكە هەڵگرو پەیڕەوكەری ئایینە ئارامیەكان بوون و بت پەرست بوون(عبدالقادر . 1393 :29)، ئەمە لەكاتێكدایە خوداوەندی مێینەی (عەشتار)[iv]ی (ئەربێلا)یەكێك بووە لە خوداوەندە هەرە مەزنەكان كە لە ناو شانشینی ئەدیابین پەرستراوە و ئەم خوداوەندە لە بنەڕەتدا خوداوەند (شاوشكە)ی هۆریەكان (حوریون) بووە (Larsen,2015,88) هەروەها ئەوەش زانراوە ئایینەكانی بابلی كۆن لە بەشێكی ناوچەكانی باكورو خۆرئاوای دەوڵەتی ئەشكانی خواستیان لەسەر بووە و پەرستراون(كالج، 1388: 199). هەروەها چەند بەڵگە نامەیەك لەسەر بەشێك لە فەرمانڕەوایانی ناو شانشینی ئەدیابین دۆزراونەوە كە مێژووەكەیان دەگەڕێتەوە بو سەدەی دووی پێش زاین كە پاشگری (عبد-عشتار)یان بەخۆیانەوە لكاندووە واتا بەندەی خوداوەند عەشتار، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە كەپادشایان یان فەرمانڕەوایانی ئەدیابین هەڵگری بیرو باوەڕە ئایینیە كۆنەكانی میسۆپۆتامیابوون(Marciak, 2017: 346). وە

رووداوی شاڵاوی ئیمپراتۆری ڕۆم (كارا كالا 211-217ز) بۆسەر هەولێر ساڵی 216ز و داگیركردن و وێرانكردنی شارەكەو ڕوخاندنی ،ئەم شاڵاوەی كاراكالا بۆسەر ئەربێلا دوای ئەوەی شارەكەی دەستبەسەرداگرت خەڵكەكەی كوشت و شارەكەشی وێرانكرد گۆڕی پاشایانی ئەشكانیان هەڵتەكاند گۆڕی ئەوانەی هەولێریان بە دوامەنزڵگەی خۆیان دەزانی تێكدانی گۆڕستانی كەسانی ئاسایی ئەربێلا دەریدەخات كەمتر خەڵكی ئەدیابین هەڵگری ئاینی زەردەشتی بوون. (ورستاندیل، 1378: 123)؛ (رضا و احمد ، 2023 ، 77-78)

## 2-3بڵاوبونەوەی ئایینی جولەكە لەناو شانشینی ئەدیابین:

ئایینی جولەكە یەكێكە لە ئایینە یەكتاییە هەرە گرینگەكان، پەیدابونی ئەم ئایینە دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین، و ئایینی موسای پەیامهێنە و كتێبەكەیان (تەورات)ە و كتێبی تریشیان هەیە كە بە "تلمود" یان "تلموز" ناودەبرێت و بریتییە لە لێكدانەوەی تەورات (كرتیس، 1389: 201).

پشت بەست بە كۆمەڵێ سەرچاوە ئاشوریەكان دوای چەند هێرشێك بۆسەر فەلەستین بەشێكی زۆر لە جولەكەكانیان بە زۆرە ملێ ڕاگواستە ناو سنورەكانی دەوڵەتی ئاشوری و بە دیاریكراویش باشوری كوردستانی ئەمڕۆ(مرعی،2012: 8) ، یەكەمین ڕاگواستنی جولەكەكان و داگیركاری فەڵەستین لەسەردەمی (شالمانسری سێیەم ٨٥٨-٨٢٧ پ.ز)بووە ، دووەمین هێرشی ئاشوری و ڕاگواستنی جولەكەكانیش بۆناو دەوڵەتی ئاشوری بە ووتەی تەوڕات لەسەردەمی شلمنصری پێنجەمی پادشایانی ئاشور بووە و هێرشی سێیەمیش لەسەردەمی پادشا سەنحاریبی ئاشوری ، بەگوێرەی سەرچاوە مێژوویەكان لەو هێرشانەدا ژمارەیەكی زۆر جولەكە لە پیرو گەنج و ئافرەتو منداڵ و وەستاو پیشەوەر ڕاگواستراون بۆناو خاكی ئاشور ( Luckenbbill,1926, 1/19-20)[1]. بابەتی ڕاگواستن و چەوساندنەوەی یەهودیەكان لەلایەن ئاشوری و بابلیەكانەوە بابەتێكی دورو درێژە كە پێمان وایە پێویست نیە لەم توێژینەوەیەدا زۆر لەبارەیەوە بنوسین.

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە جولەكەكان ئەشكانیەكانیان بە پارێزەری ڕاستەقینەی ئایینی خۆیان دەزانی و سەرەڕای ئەو ستەم و زۆرییەی كە لە سەردەمی سلوكییەكاندا بەوان كرابو، باوەڕیان بەوە هەبو كە هەخامەنشی وئەشكانیەكان هەموكات ڕێزیان دەگرن و تەنیا دەسەڵاتێك كە دەتوانێ ئەوان لە هێرشی بیانییەكان بپارێزێ، ئەو دەوڵەتە ئاماژە پێكراوانەن ، هەروەها لە سەردەمی ئەشكانییەكاندا ئایینی جولوكە، لە بابل پەرەیسەندوە(العلان، 2011: 133). ؛ (گیرشمن، 1380: 278)،

لەسەدەی یەكەمی زاینیدا بنەماڵەی پادشایانی ئەدیابین لەڕێگەی ناسینی چەند بازرگانێكی جولەكەلەكەوە چونە سەر ئایینی جولەكە پێش گۆرینی ئایینەكەشیان كۆمەڵگەیەكی جولەكە لە ئەدیابین هەبووە كە پێكهاتبو لە پاشماوەی ئەو جولەكانەی لە سەدەی هەشتی بەر لە زاینەوە لەلایەن ئاشوریەكانەوە ڕاگوازرابونە ناوچەكە(غەفوری، 2014 :33)

بەهەرحاڵ ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەو گۆڕانكاریە ئایینیە گرنگەیە كەلەناو پادشایانی ئەدیابین ڕویدا كە دەست بەرداری ئایینی خۆیان بوون و بوون بە پەیڕەوكار لە ئایینی جولەكە سەبارەت بە چۆنیەتی سەرەتای گۆڕانكاریەكە بەم جۆرە بووە:

وەك پێشتر ئاماژەمان پێكرد بەهۆی ئەو ململانێ توندەی لەناو ژنانی پادشا هەبوو لەسەر دیاریكردنی شازادەی جێنشین، (ئازاتی یەكەم) پادشای ئەدیابین (مونوبازۆسی یەكەم)ی كوڕی لەگەڵ خوشكەكەی (هێلینا)دەنێرێت بۆ شاری (خاراكس) پایتەختی هەرێمی(ئاسپازینو)كە هەرێمێك بوو وەك ئەدیابین توانیبوی دەسەڵاتێكی نیمچە سەربەخۆ بۆخۆی بەدست بهێنێت دەكەوتە خەلیجی فارسی ئەمڕۆ، منالەكانی ئازاتی یەكەم لە كۆشكی پادشا (مسنە) پادشای خاراكس گەورە دەكرێن و چاودێری دەكرێن لە كاتی مانەوەیان لە خاراكس بە بازرگانێكی جولەكە بەناوی (ئەنانیاس) ئاشنادەبن( میر سعید، 1387 :135-137 ).

ئەم بازرگانە جولەكە تێكەڵاویەكی زۆری هەبوولەگەڵ ژنانی كۆشكی خاراكس و هەر لە ڕێگەی ژنانەوە خۆی دەگەیەنێتە (مونوبازۆسی یەكەم)ی شازادەی جێنشینی ئەدیابین ،هەروەها هەر ئەم بازرگانە جولەكە (ئەنانیاس) بازرگانێكی تری جولەكە ڕادەسپێرێت بەناوی(ئەلیزار) ناو براو لە ڕێگەی (ئەنانیاس)ەوە ئاڕاستە دەكرێت و ئەلیزار دەتوانێ باوەڕ بە هێلینا بهێنێت بیكات بە جولەكە، ئەنانیاسیش دەتوانێت مونابازی یەكەم بكات بە جولەكە ، لەڕاستیدا هێلینای خوشكی ڕۆڵی زۆی هەبوو لە ڕازی كردنی (مونوبازۆس)ی برای بۆ ئەوەی باوەڕ بە ئایینی یهودی بهێنێت( Gafin,2005: 391)؛(غەفوری، 2014 :33) ؛ (جلال ، 2015 :176) لە دواتردا بە پێی دابونەریتە باوەكانی ئەوڕۆژگارە مونوبازۆسی یەكەم هاوسەرگیریی لەگەڵ خوشكەكەی (هێلینا) دەكات دوای مردنی باوكی مونوبازۆسی یەكەم و هێلینای هاوسەری دەبنە پادشاو شاژنی ئەدیابین(صفی زادە ، 1382،: 778).

[1] . بۆزیاتر وردەكاری لەسەر چۆنیەتی هێرشەكان و هۆكاری شاڵاوەكانی ئاشوریەكان بۆسەر جولەكەكان بڕوانە (Luckenbbll, 1/ 1926)و ابراهیم طائی ، 2002 ، یهود فی نصوص المسماریە ، 1000-539 ق.م ، رسالە ماجستیر فی جامعە موصل.

پاش باوەڕهێنانی بنەماڵەی شاهانەی ئەدیابین ، شاژنە هێلینا زۆری پێیخۆشبوو زیاتر لەمر ئاینە شارەزابێت بۆ ئەمر مەبەستە مامۆستایەك (حاخام)جولەکەلەکەی بانگهێشتی کۆشك کرد تا زیاتر لە بارەی ئایینی جولەکەوە فێر بێت لە دواتردا ئەلیزار(Eleazer) کە حاخامێکی جولەکە بوو، بوو بە مامۆستای کۆشکی شاهانە (غفوری ، 2014، 34)لەدواتردا پەیوەندی نێوان ئەدیابین و فەلەستین بەهۆی ئەمر گرێدانە ئایینیەوە هێندە بەهێز دەبێت پادشایان و خانەدانانی ئەدیابین منالانی خۆیان دەنێرن بۆ ئورشەلیم بۆ فێربونی وانەی ئایینی ،ئەوە جگە لەوەی پادشایانی ئەدیابین شوێنەواری گۆڕی شاهانەی تایبەت بەخۆیان لە ئۆرشەلیم هەیە ل هەمانکاتدا پرۆژەی نیشتەجێبوون و کاری خێرخوازیشیان لە ئورشەلیم-قدس ئەنجامداوە (رضا و احمد ،2023 :77).

بەو جۆرە ئایینی جولەکە دەبێتە ئایینی شاهانەی پاشایانی ئەدیابین لەسەرەتا خانەدان و پیاو ماقوڵانی کۆشك ناڕازی بوون لە گۆڕینی ئایینی پادشایان بەڵام چونکە (مونوبازۆسی یەکەمر و دواتریش ئازاتی دووەمر) پادشای بەهێز بوون دەسەڵاتێکی زۆریان هەبووە پیاواماقوڵان و خانەدانانی کۆشك نەیانتوانی ئەمر ناڕەزایەتیە بە شێوەیەکی ئاشکرا دەربڕن ، هەرچەندە سەرچاوەیەکی وەهامان بەردەست نیە بزانین خەڵکی شانشینی ئەدیابین لە دوای جولەکە بونی پادشاو شاژنەکەیان ئەوانیش بوون بە جولەکە یان نا (فرای ، 1388: 358-360)؛ (Josephus,1821: 531,541)، لایەکی تریشەوە باس لە ڕۆڵی شاژنە هێلینا دەکرێت لە ڕاگرتنی هاوسەنگی و خۆشەویستی لە نێوان خەڵك و اە ڕێگەی سۆز و مهرەبانیەوە توانیویەتی ئەو هاوسەنگیە ڕابگرێت و گۆڕینی ئایینی بنەماڵەی پاشایی کاریگەری نەبێت بۆسەر ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابوری خەڵکەکەی (غەفوری ، 2014 : 34) ، وەرگرتنی ئایینی جولەکە لەلایەن بنەماڵەی شاهانەی ئەدیابین بەیەکێك لەو تایبەتمەندیانە دادەندرێ کە ئەمر شانشینەی پێدەناسرێت(جلال ، 2010 :29)

لە دواتردا سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن شانشینی ئەدیابین بەهۆی سۆزی ئایینی شاژنە هلینا دوای ئەوەی قاتی قڕی بەشێکی زۆری ناوچەکە دەگرێتەوە لە نێوان سالانی (44-51)ز هێلینا بڕێکی زۆر دانەوێڵە و خۆراك لە میصر و هەنجیری وشك لە قوبروس دەکڕێت و دەینێرێت بۆ فەلەستین(Neusner,1964,62)؛(غەفوری ، 2014 :34)ئەمە سەرەڕای ناردنی چەندین دیاری بە نرخ و زێڕین بۆ فەلەستین (غەفوری ، 2014 ، 34)هەروەها لە چەند ووتارێکی بەشێك لە گەورە پیاوانی فەلەستین بۆ خەڵکی فەڵەستیت لەو سەردەمەدا باس لەوەدەکەن کە پارسەکان ڕێگرن لەو هاوکارییەی خزمەکانیان لە ئەدیابین دەیانەوێ وەك یارمەتی بینێرن بۆ ئورشەلیم (Marciak,2017: 364). دروستکردنی ئەو کۆشك بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە پادشایانی ئەدیابین وەکو حوکمڕانی جولەکەکانی فەلەستین ڕەفتاریان کردووە، بەبەردەوامی باسی هاوکاریەکانی شاژنە هێلینا دەکرێ کە بڕێکی زۆر گەنمەشامی و دانەوێڵەی لە ئەسکەندەریە و هەنجیری لە قوبرسەوە هاوردەکردوەو وەك هاوکاری بۆ فەڵەستینی ناردووە لەهەمانکاتدا باس لەو بڕە پارە زۆرە دەکرێت کە (ئازاتی دووەمر)کاتی قاتیوقری بۆ ئۆرشەلیمی ناردووە(Josephus,1821: 531-538)؛(غەفوری ،2014، 34) وە کاتێك ئازاتی دووەمر سالی 60 ز دەمرێت شاژنە هێلیناش دوای ماوەك دەمرێت بە فرمانی (مونوبازی دووەمر)تەرمی ئازاتی دووەمی برای و شاژنە هێلینای دایکی دەنێردرێت بۆ ئورشەلیم و لەوێ بەخاك دەسپێردرێن، ئەمەش نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە (مونوبازۆسی دووەمر)یش هەمان باوەڕی ئایینی هەبوە (میر سعید: 1387 ، 137). دوای ئەوەی شۆڕشێکی ناوخۆی لە فەڵەستین دژی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمر هەڵدەگیرسێ لە نێوان سالانی (69-70ز) ئیمپراتۆری ڕۆمر بۆ دامرکانەوەی شۆڕشەکە جگە لەوەی ڕەشەکوژیەکی فراوانی ئەنجامدا گەمارۆیەکی توندیشی خستە سەر ئۆرشەلیم لێرەدا سەرچاوە مێژوویەکان ئاماژە بە هاوکاری سەربازی و خۆراکی پادشای شانشینی ئەدیابین (مونوبازۆسی دووەمر) دەکەن بۆ خەڵکی فەلەستین (Marciak,2017: 362-363).

بەڵام پرسیارێك لێرەدا دروست دەبێ ئەویش ئەوەیە کە ئایا هۆکارە شاراوەکانی گۆڕینی ئایینی پادشایانی ئەدیابین بۆچی دەگەڕێتەوە ئایا تەنها باوەڕێکی ئایینی بوو یان پلانێکی بەرنامە بۆداڕێژراو بە ئامانجێکی سیاسی یاخود ئابوری بوو ؟

بۆ وڵامدانەوەی ئەمر پرسیارە دەتوانین هۆکاری گۆڕینی ئایینی پادشایانی ئەدیابین بە چەند خاڵێك بخەینە روو:

1.ئەدیابین دەکەوتە سەر ڕێگەی بازرگانی ئاوریشمر ، لەبەر ئەوەی جولەکەکان لە ناوچەیە چالاکی بازرگانیان ئەنجامداوە و لە بازرگانە هەرە دەوڵەمەندەکان بوون ، ئەمر جموجوڵە بازرگانیەی جولەکەکان کاریگەری هەبو لە سەر ئاشناکردنی بنەماڵەی شاهانەی ئەدیابین بە ئاین و کلتوری جولەکەکان (جلال ،2015: 175-176)

2.هاوسنوری شانشینی ئەدیابین لەگەڵ بابل کە لەو سەردەمەدا چونکە لە بابل دەیان هەزار جولەکە دەژیان کە لە نەوەی ئەو جولەکانە بوون لەردەمی دەوڵەتی ئاشوری ڕاگوێزرابوون بۆ ئەمر ناوچەیە[2]

3.هێزو دەسەڵاتی چەند خێزانێکی جولەکە لە ناوچەکەدا کە هەتا ئەرمەنستانیشیان خستبوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان.

[2] - بۆزانیاری زیاتر لەسەر شالاوە یەك لە دوای یەکەکانی پاشایانی دەوڵەتی ئاشوری و ڕاگواستنی جولەکەلەکەکان عێراقی کۆن بڕوانە: (ابراهیم طائی ، 2002 ، یهود فی نصوص المسماریه ، 1000-539 ق.م ، رساله ماجستیر فی جامعه موصل.

4.ژمارەیەکی زۆر لە جولەکە لەناو سنوری جوگرافیای ئەدیابین دەژیان بەتایبەتیش شاری (نوسەیبین) کە سەراڕییەکی بازرگانی گرنگیش بووە ئەو شارە ئەمە جگە لەوەی چالاکی بازرگانانی یەهودی لەو شارە ناتوانرێ لەبەر چاو نەگیرێ. (Neusner,1964: 62-63)؛(عبدالقادر ، 1393 ، 32-33).

## ئایینی مەسیحی لەناو شانشینی ئادیابین

تا نزیکەی سەدەی یەکەمی زاینی شانشینی ئەدیابین لەژێر کلتوری جولەکە دابوون یان لانیکەم بنەماڵەی دەسەڵاتداریەتی شانشینەکە لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی ئەو کلتورە دابوون ، بەڵام لە دوای ئەو بنەماڵەیە کە جولەکەیان کردبووە ئاینی خۆیان ، زانیاریمان لە بارەی شانشینەکە کەم دەبێتەوە ئەوەی لەو مێژووە بەولاوە لەسەر ئەربێلا و شانشینی ئەدیابین زانراوە زیاتر لەڕێگەی ئەو کڵیسا و موژدە دەرانەوەیە کە لە ئەدیابین و دەورو بەری ئەو شانشینە بوون کە دەزانرێت لە سەرەتای سەدەی دووەمی زاینیەوە لەناو ئەم شانشینە کلیسا هەبوو(جلال ،215 :176)

سەبارەت بە ئایینی مەسیحیە لە سنوری شانشینی ئەدیابین سەرەڕای پێداگری پادشایانی ئەدیابین باوەڕبونی پتەویان بە ئایینی جولەکە ، بەڵام دیسان ئایینی مەسیحی توانی لەناو شانشینەکەدا شوێنکەوتە بۆخۆی پەیداکات ، ئاماژە بەوە دەکرێت لە دەوروبەری ساڵانی 200ز لە دەوروبەری شارەکانی هەولێر و کەرکوك نشینگەی تایبەن بە مەسیحیەکان هەبووە (کالج، 1388: 123)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەشێکی زۆر لەو موژدەدەرانەی ئاراستەی ڕۆژهەڵات کراون بەناو خاکی ئەدیابیندا پەیامەکانیان گواستۆتەوە بو بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و تا هیند و چین ڕۆشتون (جلال 2015 :177)هەرچەندە نازانرێت کە ئایا شاژنە هێلیناو بنەماڵەی شاهانەی ئەدیابین چ پەیوەندیەکیان لەگەڵ ئایینی مەسیحی هەبووە بەڵام لە ئەدەبیات و هونەری مەسیحیدا هێلینا وەکو یاریدەدەری قوستەنتین کە دوو سەدە دوای ئەو دەرکەوتوە ڕۆڵ دەگێرێت (Curran, 2007. 66 ) ئەوەی پێویستە بوترێت ئەوەیە کە باوەڕهێنانی بنەماڵەی پاشای بە ئاینی جولەکەلەکە و یەکتا پەرستی تاڕادەیەکی باش ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ دانیشتوانی ناو ئەم شانشینە تا باوەڕ بە ئاینی مەسیحی بهێنن ئەم جۆرە لە ئایینە بۆیان ئاینێکی نامۆ نەبو کە بانگەوازی یەکتاپەرستی دەکرد ، هەریۆیە دەبینین ساڵی 104ز و سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ئاینە لەناو ئادیابین خەڵکانێکی زۆر ئایینی مەسیحیان وەرگرت تەنانەت چەندین کەس کە هەڵگری ئایینی جولەکەلەکە بوون ،بوون بە مەسیحی و لەناویشیاندا هەبوو کە بوبونە قەشەی پلە بەرز(غەفوری ، 2014 ، 37)

هەروەها ئاماژە بەوە دەکرێت چەندین مژدەدەری ئایینی مەسیحی لەناو شانشینی ئەدیابین لەهەوڵی بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی بوون و لەگەڵیشیدا باس لە ململانێی نێوان پیاوانی ئایینی مەسیحی و زەردەشتی دەکرێت تا بەو ڕادەیەی سەرۆکی قەشەکانی هەولێر لەساڵی 123ز لەلایەن زەردەشتیەکانەوە کوژراوە، وە ئاماژە بە کۆمەڵێ ڕیورەسمی ئایینی مەسیحیەکان لە هەولێرو دەوروبەری دەکرێت (تذکرە اربیل ،1390: 24-30).

دەتوانین بڵێن ئایینی مەسیحی لە کاتێکدا لەناو شانشینی ئەدیابین بڵاو بۆتەوە کە دواپادشای شانشینی ئەدیابین ((نرسە)لەلایەن ئەشکانیەکانەوە ساڵی 195ز دەستگیرکرابوو کوژرابوو بە بیانوی بەستنی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ڕۆمەکان سەرچاوەمێژوویەکان ئاماژە بە زیاتر چەوسانەوەی مەسیحیەکانی ناو شانشینی ئەدیابین دەکەن دوای کوشتنی نرسە لە لایەن ئەشکانیەکانەوە(پیگولوسکایا ، 1378 :119) ؛ (دوبواز ، 1343 : 231) ؛ (تذکرە اربیل ، 1390 ، 53-57)، لەهەمانکاتدا دەوڵەتی ئەشکانی لە کۆتایەکانی تەمەنی سیاسی خۆیدا بووە بەتایبەتی لە دوای سەدەی دووی زاینی، ململانێی ناوخۆی و دەرەکی بەرۆکی دەوڵەتی ئەشکانی و بەشێکی زۆری ئەو هەرێم و شانشینانەی گرتبۆوە کە لەژێر قەڵەمڕەوی ئەشکانیەکان بوون بۆیە ئاسایە و دەکرێ ئەم ململانێ سیاسیە شۆڕبوبێتەوە بو ململانێو پشێوی ئایینی لە ناوچەکەدا بە تایبەت لەکاتێکدا ئیمپراتۆریەتی ڕۆمیش دژایەتی ئایینی مەسیحیان دەکرد ، لەگەڵ هەموو ئەم پشێویە سیاسیانەدا تذکرە اربیل لە چەند شوێنێك باس لە بڵاوبونەوەی ئایینی مەسیحی و بانگەواز بۆ ئەم ئاینە و نشینگەی تایبەت بە شوێنکەوتوانی ئەو ئاینە دەدات لەناو شانشینی ئەدیابین.

جێگەی ئاماژە پێدانە دوای دەوڵەتی ئەشکانی و وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن ساسانیەکانەوە پێدەچێت ئاینی مەسیحی لە ئەدیابین بوبێتە ئاینی بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی ئەم شانشینە چونکە لە دواتریشدا پاشایانی ساسانی زۆر بە توندی ڕوو بەڕووی مەسیحیەکان بوونەوە دەیان چەوساندنەوە ، ئەمەش دەتوانرێ وەك بەڵگەی کاریگەری ئاینی مەسیحی لە ئەدیابین و ناوچەکانی تریش سەیر بکرێت بەتایبەتیش ئەربێلا کە بوو بووە ناوەندی کارگێڕی کڵێسەیی ناوچەکە (جلال ،2015 ، 177-178).

**ئەنجام:**

لەكۆتایدا توێژینەوەکەمان گەیشتین بە چەند ئەنجامێك گرینگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

1. شانشینی ئەدیابین جوگرافیایەکی جێگیری نەبووە ، باروودۆخی سیاسی ناوچەکە کاریگەری هەبووە لەسەر فراوان بوونەوەو بەرتەسك بونی جوگرافیایی شانشینەکە.
2. هەڵکەوتەی جوگرافیای ئەدیابین کە جگە لەوەی سەراڕێیەکی بازرگانی گرنگی ناوچەکە بوو ، لەهەمانکاتدا کەوتبووە نێوان دوو زلهێزی ئەو ڕۆژکارە (ئەشکانی و ڕۆمەکان) ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ بڵاوکردنەوەی کلتوری جیاواز بیرو باوەڕی ئاینە باوەکانی ئەو ڕۆژکارە (ئاینەکونەکانی بابل و ئاشوور – زەردەشتی – جولەکەلەکە – مەسیحی)و تێکەڵ بوونی ئەو بیرو باوەڕە ئاینیانە.
3. هەرچەندە شانشینی ئەدیابین بە پێی بەرژەوەندییە سیاسیەکانی خۆی هەندێك جار پاڵیداوەتە پاڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی سێ سەدە حوکمڕانی ئەشکانیەکان لە ناوچەکە ،شانشینێکی سەر بە دەوڵەتی ئەشکانی بووە .
4. ئازاتی دووەم بەهێزترین پادشایی شانشینی ئەدیابین بووەو لەسەردەمی پادشایەتی ناوبراو ئەم شانشینە وەك جەمسەرێکی هێز لەناوچەکە یاریکەرێکی سیاسی بووە ، ویستویەتی لە لە هاوکێشە سیاسیەکانی ئەو ڕۆژگارە ڕۆڵبگێڕێت و نەیویستووە ببێتە پاشکۆی هیچکام لە دەوڵەتی ئەشکانی و ئیمپراتۆرییتی ڕۆم و ئەرمەنستان.
5. بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی شانشینەکە ، ئەدیابین مەیدانی ململانێی نێوان دەوڵەتی ئەشکانی و ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بووە و ئەم شانشینە نەیتوانیوە بەشێك نەبێت لە ململانێکانی نێوان دەوڵەتە زلهێزەی دەوڵەتی ڕۆژگاری خۆی.
6. بەگشتی فرەئایینی لەناو تەواوی هەرێمەکانی دەوڵەتی ئەشکانی باوو بوەو هەرچی پەیوەستە بە ئاینی خەڵکی شانشینی ئەدیابین زیاتر کاریگەری ئایینە کۆنەکانی میسۆپۆتامیایی کۆنیان لەسەربووە تایبەت ئاینی ئاشوری و بابلی.
7. شاژنە هێلینا بەهێزترین شاژنی کۆشکی ئەدیابین بووە کاریگەری هەبووە لە سەربڕیارە سیاسیەکانی ناو کۆشکی ئەدیابین خاوەن بڕوایەکی پتەوی ئاینی جولەکە بووە و یارمەتی زۆری جولەکەکانی فەلەستینی داوەو خزمەتی زۆری پەرستگاو ئاینی جولەکە و بیت المقدسی لە قودس کردووە .
8. لەگەڵ تێکچونی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە لە کۆتای حوکمڕانی ئەشکانیەکان و دروست بوونی ململانێ ناوخۆیەکان، ململانێی ئاینی و توندوتیژی ئاینیش لەناو ئەدیابین سەریهەڵداوە ، بەتایبەت لەنێوان شوێنکەوتوانی ئایینەکانی زەردەشتی و مەسیحی.

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوە فارسیەکان:**


- بروسیوس،ماریا(1393)ایران باستان ، ترجمە:عسی عبدی، تهران:ماهی.
- بیوار، ا.د.ه (جنگ تراجان با پارتیان و پیامد ان) تاریخ ایران کمبرج از سلوکیان تا فروپاشی ساسانیان ،تهران:امیرکبیر.
- پیرنیا،حسن(1390)ایران باستان، چ3، تهران:نامك.
- پیگولوسکایا،ن ،(1387)، شهرهای ایران در روزگار پارتیان و ساسانیان، ترجمە:عنایت الله رضا، تهران:علمی و فرهنگی.
- تذكره اربیل،(1390)، ترجمە:محمود فاضلی،تهران:دائره المعارف برگ اسلامی.
- جمشیدی،فاطمە سادات ((1402) ، موقعیت سیاسی ادیابن در دوره اشکانیان، همایش بین المللی میراث مشترك ایران و عراق:مجموعە مقالات اولین همایش بین المللی میراث مشترك ایران و عراق ،جلد8 ،صفحات 147تا181.
- حسین قلی، ستوده، (1351)، قلمرو دولت اشکانی ، مجلە:برسی های تاریخی ، سال 7 ،شمارە6.
- دهخدا،علی اکبر. (1337)لغت نامە، تهران:دانشگاه تهران.
- دوبواز،نلسون. (1342)تاریخ سیاسی پارت، ترجمە:علی صخر حکمت، تهران:ابن سینا.
- دیاکۆنۆف،ئی.م. (2008) ، میدیا ، وەرگێڕانی:بورهان قانع، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- رجبی،پرویز. (1387)، هزارهای گمشده و اشکانیان ، تهران:توس.
- رجك، تسا. (1392) ،امپراتوری اشکانیان و اسنادو منابع ان، ترجمە:خشایارشا بهاری، تهران:فرزان روز.
- شایان فریدون. (1351)، سیری در تاریخ ایران باستان، تهران نشر رز.
- صبوری فر، فرهاد. (1384) روابط ایران و یهودیان در دوره هخامنشی ، انتشارات نیکتاب ، تهران.
- صفی زاده، صدیق. (1382) ، تاریخ پنج هزار سالە ایران ، چ1، تهران:اردن.
- عبدالقادر،عطو مصطفي. (1393) ، جایگاه پادشاهی ئەدیابینە در روابط اشکانیان و روم ، پایان نامە ، دانشگاه تهران، دانشکده ادبیات و علوم انسانی.
- فرای،نلسون ریچارد. (1388)تاریخ باستان ایران، ترجمە:مسعود رجب نیا، تهران:علمی و فرهنگی.
- قدیانی، عباس. (1384) ، تایخ و فرهنگ تمدن ایران در دوره سلوکیان واشکانیان، چ1، تهران:فرهنگ مکتوب.
- کالج ،مالکوم. (1388)، اشکانیان، ترجمە:مسعود رجب نیا، تهران:هیرمند.
- کریستن سن، ارتور. (1367)، ایران در زمان ساسانیان، رشید یاسمی، تهران:دنیای کتاب.

- گریشمن،ر. (1385)، ایران از اغاز تا اسلام ، ترجمه:محمد ومعین، تهران:علمی و فرهنگی
- گوتشمید، الفرد. (1388)تاريخ ايران و ممالك همجوار ان از زمان اسكندر تا انقراض اشكانيان، ترجمه:كيكاوس جهانداری ، تهران:ققفوس.
- لوی.حبیب. (1332)، تاریخ یهود ایران ، ج1 ، کتاب فروشی یهودا، تهران.
- مشكور، محمد جواد. (1371) ، جغرافیای تاریخی ایران باستان، تهران:دنیا کتاب.
- منوچهر،پروین. (1368) ، تاریخ سیاسی و اجتماعی ایالات غرب ایران در دوره اشکانیان (ادیابن ، اسروئن ، کردوئن ، پونت )، دانشکده علوم انسانی ، پایان نامه.
- موسوی بجنودی ، كاظم.(1393)، تاريخ جامع ايران ، جلد اول ،تهران ، انتشارات مركزی دايره المعارف اسلامى .
- میر سعیدی، نادر. (1387) ، سلوکیان و اشکانیان ،چ4، تهران:علمی و فرهنگی.
- سەرچاوە عەرەبییەکان:
- احمد، جمال رشيد،(2005)، ظهور الكرد في التاريخ، الجزء الاول، اربيل ، دار اراس.
- اسماعیل،زبیر بیلال(1986)، تاريخ اربيل(ديراسات التاريخيه عامه اربيل و نحائها) ، مطبعه:الثقافه.
- اسماعیل،زبیر بیلال(1989)، مملكه حدياب:مجله بين النهرين،بغداد، عدد66-65.
- باقر، طه و اخرون. (1980)، تاريخ ايران القديم، بغداد، مطبعة جامعة بغداد.
- جلال ، كامران محمد.(2010) ، الصراع الساساني-الروماني على ارض الرافدين العليا 224-579م دراسة تاريخية سياسية ، قسم التاريخ ،كليه العلوم الانسانية، جامعة السليمانية ، جزء من متطلبات انيل درجة دكتورا.
- عطو،بطرس نوري. (2011)، تاريخ حدياب ، اربيل:مناره.
- العلان، ارواد عدنان. (2011)، الدولة الاشكانية، دمشق، دار موسسة رسلان للطباعة و النشر و التوزيع.
- مرعی، فرست. (2012)ديراسات فی تاريخ اليهود والمسيحيه فی الكردستان،دهوك:محافظه دهوك.
- ولسكی، یوزف. (1391) ، شاهانشاهی اشكانی ، ترجمه:مرتضی ثاقب فر، تهران:ققفوس.

**سەرچاوە كوردیەكان:**

- اسماعیل،زبیر بیلال(2009)، شانشینی حەدیابن ،ئینیسكولوپیدیای هەولێر، ج3 لوبنان:بدرخان.
- باقر،تەها (2018) سەرەتایەك بۆمێژوی شارستانیە دێرینەكان(كورتەیەك بۆمێژووی شارستانییە دێرینەكان(شارستانیەتی دۆڵی نیل و چەند شارستانییەتێكی كۆن فارس-گریك-ڕۆمان) ، وەرگێڕانی : عسمان عزیز و كەمال نوری مەعروف، سلێمانی:جمال عیرفان.
- باقر،تەها (2018) سەرەتایەك بۆمێژوی شارستانیە دێرینەكان(كورتەیەك لە مێژوی شارستانی نێوان دوو ڕوبار ، وەرگێڕانی : عسمان عزیز و ئەفراسیاب ڕەشید، سلێمانی:جمال عیرفان.
- جلال ، كامران محمد.(2015) ،پێگەی ئەدیابین و كاریگەری لە گۆڕانە سیاسی و كلتوریەكاندا لە سەردەمی یەكەمی پێش زاینەوە تا سەدەی حەوتەمی زاینی ، كۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین، ساڵی دووەم ، بەرگی ژمارە 4 ،ل165-189.
- رضا،هاژە عبدالجبار و احمد،كۆزاد محمد (2023)، بارودۆخی سیاسی ئەدیابین لەسەردەمی ئەشكانیدا ،گۆڤاری زانكۆی گەشەپێدانی مرۆی ، ساڵی نۆیەم ، بەرگی ژمارە 4 ،ل74-81.
- غەفوری، ڕێزان قادر.(2014) ، شاژنە هێلینا ئەستێرەی درەوشاوەی مێژووی ئەربێلا و ئەدیابین ، گۆڤاری سوبارتو ، ژمارە 8 ، سالی هەشتەم ،ل 32-38.

**سەرچاوە ئینگلیزیەكان:**

- Curran, J. R., (2007)The Jewish War: Some Neglected Regional Factors," The Classical World, Vol. 101, No.1.
- Gafni,I .(2015), "Adiabene",Encycolopaedia Judaica, Second edition, editor in Chief: F. Scolnuk, Detroit etc. :Thomson.
- Hamburgre, j. , (1883), Helene , Real- Eencycilopaedie .Feur Bibel und Talmud, II , Strelitz.
- Josephus,F.(1821) , The Genuine Works of Flavius Josephus , Vol 1 , Boston: Walker.
- Larsen, M.T., (2015) , Ancient Kanesh: A Merchant Colony in Bronze Age Anatolia , Cambridge: Cambridge University press.
- Luckenbill. Daniel David(1926), Ancient Records Of Assyria And Babylonia, The Chicago University Press, Chicago, Mehrafache Reprints, Vols.1.
- Marciak,m. and Wojcikowski,R.S(2016) Images of Kings of Adiabene,Numismattic and.Sculpatural Evidence.
- Marciak,Michal. (2017), Sophene,Goryene, and Adiabene (Three Regna af Northern Mesopotamia Between Sast and West) , Boston:Brill.
- Neusner, J. (1966), "Conversion of Adiabene to Christianity". Numen international reviewfor the history of religious, Vol. 13, Leiden: Brill.
- Neusner,J. , (1964), The Convesion Of Adiabne to Judaism , Journal of Biblical litrrature , Vol.83, No.1 , Brandeis University.
- Pliny. (1961), Natural History, Edited by Rackam . M. A., London, Cambridge, Massachusetts, Harvard University.
- Sellwood, D. (2001), "Adiabene", Encycolopaedia Iranica,Vol. I, Ed. E, Yarshater. New York: Columbia University.
- Strabo,(1928) The Geography of Strabo , With an Englisg Translation by : Horace leonard Jones. Vol.5, X-XII ,Harvard University Press.

# الوضع السياسي والديني للمملكة حدياب خلال فترة الدولة البارثية (الأشكانية)

**شالاو مصطفى عبدالرحمن**

قسم التاريخ،كلية علوم الانسانيه،جامعة راپرين-

ڕانيه،سليمانيه،أقليم كوردستان،العراق

Shalaw.mustafa@uor.edu.krd

**ملخص:**

ينبوتقعـة للارثيـةالـ ولـ ن مـ رالغـ ءالـ في اتقعلمملكة ـتياسية ، كاماالسنن لا احية لا ارثية لةمت الـ وملكة فرعية تحأديابين)م (ملكة ـ يحاتكلت نتها تحـة بسياسـلمملا ـكفية اجغر ـتكاوذآنذكا، ـتشـه مسـة كياذونلمملكتهذو ه ،لمملكة ا إديراة وعاصمة سياسية أربي ـتكاونير، هنوالكرين للصغير ةفيـ ات المختلـفات اولمعتقـقافالث تلالاخر وـانشـتطالـق لاربهـيي وتمهيسـيرلـ اتكرا ـا دلهـو على للرغم كاقون، ـتنرالثالثة ة لطة لا ارثية الـ وسيـطر ة اطوريـة ولأملبرلا ارثيـ ةالـ ولـ بين خللافائ‌لـ اع ولملحصو ض هذا ه لمملكة‌ن تكون ار ا لمأ فـية المملكة سـاجعلتها كاتذجغر نفس الوقـتفي قوة، ا طلم حـ فيـ ةثر نـت مـوكاوة،ـليمياقلإ لـوقلة ـقتقطب مسـة، وبالإضافة لأ عماهـلكسلامور الـ ولياسة وأ يوا فياطورا قكان إمبرث) وانيالئ ايئـسازم (ايزاتانية لهر ة ـى الـ ولـفـى لمش ـلكرعلي ـ عـلوك ـلمـلـاء بـعة أو إباحــقيفيـ فيـ إزر رئـ دلهـمـرو كايـ حـ نا م كلث انوياسيةفي المـقطة , حيخلأ السلافائ للمسا م ولك مانية يروة للرماطوبرلاالا ارثية لـ وقةِ الـ و نيـ ة مـ ئ عارميرم ـتال وللأختلا اتجهفعوها ضائ اوقلمملكة فيـ أ ـتكاذلك نغمـ رن رعلااو ى ارثية، لكـ ير ا انى رتتامسنأر

و ملكة ـ يحامبها عفـ رلاتتخلئص يـصاحـ اأ م ذلكاء يـ لا ـت حملممكلقوط فيـ ك انلأديا بـتعـ د سسمراة ثفي المملكة تتال يةوف الـ يظرت الكاوذ لماكلة كاهلـ نايـ حـ ا لعائلة قيوهدية من العتماد اوالماكلـ ة، ا ـوك حـ يلـسُر مة بين أيدهويـنت الاالـ يـ خين هنا ـيتشار رلمؤلـ يى ا لأهتمامرم احـ ـتكاذ سار لإو ءاشرو ائ للحاجة،وقد فلـطسين فيـ أة يهو أديابين حظها لمساع ك ى مللوكان هيلي ا)لـ (لملكة يةعاا يافطة الد فلطسين، يهو ا على يـثير إيـ حـ تأا إلى موقع أدى ةـ س) وقلما يمة إلى (بيقت هـ يااو ئ ماديةا افة إلى إرساسم لـاعضبالإ ،ير لهمرةو ضرغالذئلية الت ائ غيرها من الملا و وحـ فيو لماد اليحيةفي ـسلما مرنون ملم شرا ادفستا الهن خلاوم ةريت الا فالقوا حركةا لـما جوقع مهلما اهذ ـنكاو يحيةسلممث ا ائ أخرىنايعت اق دا اليقمرلأ ي ة الـ ي ثيرات‌تأأديابين كاتذعليها ن نقولأ سعتطيذا نإ ، القـ يم باب هشور وة آلظمها آمعة أخرى، لهلمملكة آا فيـ ن يعُكا ،ا الوقت نفسهلمحيطة بها

**الكلمات المفلتحية :** مملكة يـحا د هويئـسازات ثلالنيـ ، ملـكة هيلي ا، يـ للن، لليل، ايزاتارثية لـ لةالـ و ،

# Political and Religious Situation During the Reign of the Parthian Empire

**Shalaw Mustafa Abdalrahman**

Department of History, College of Human - Scinces, University of Raparin-Ranya

Sulaymaniya, Kurdistan Region, Iraq

Shalaw.mustafa@uor.edu.krd

**:Abstract**

The Adiabene Kingdom was a sub-kingdom under the Parthian Empire. Politically, the kingdom was situated in the western part of the Parthian Empire., located between the Little and Great Zaps, Erbil served as the kingdom's administrative and political center. Although the kingdom was able to achieve a decade of semi-independence, but for the next three centuries it remained politically ruled by the Parthian Empire. The kingdom's location promoted the exchange of diverse cultures and ideologies, but also made the territory a center of conflict between the Parthian and Roman empires. The kingdom was politically at its peak under Izates II's rule, and it occasionally functioned as a regional power pole that was effective in unifying political issues in the region. But the Parthian Empire, the Roman Empire, and the Armenian monarchs all attempted to invade and conquer the kingdom when it was weak. The fact that polytheism predominated across the kingdom is pertinent to its religious circumstances; nonetheless, one notable aspect of Adiabene's rule that historian find interesting is the growth of Judaism throughout the Adiabene dynasty. The Jews of Palestine benefited from the Adiabene dynasty's conversion to Judaism. In times of necessity, Queen Helena and the Adiabene dynasty were moved to purchase and deliver grain and other food supplies to the Jews in Palestine. Apart from providing tangible assistance and priceless presents to the Holy Temple, Adiabene's location played a role in the conversion of other faiths, including Christianity. We can argue that the Adiabene were also impacted by the religious customs of the surrounding areas because other gods, mostly those of the ancient Assyrian and Babylonian empires, were also worshipped within the kingdom at the same time.

**The key words are**: the kingdom of Adiabene, The Parthian Empire, Izates II, Queen Helena, religion, the Jews.

i. ئاشوریەکان یەکێك بوون لە گەلە ناسراوەکانی عێراقی کۆن ناوەکەیان بۆ ناوی خوداوەندەکەیان (ئاشور)دەگەڕێتەوە یەکەمر پایتەختیشیان هەر بەوناوەوە ناوناوە کە دەکەوتە نەینەوای ئێستا ، بە بۆچونی بەشێکی زۆر لە مێژوونوسان سەر بەگەلانی سامین ،مێژووی ئاشوریەکان لەلایەن مێژوو نوسانەوە بەسەر سێ قۆناغدادابەشکراوە بەمر جۆرە (ئاشوری کۆن لە نێوان ساڵانی 200-1595 پ.ز)قۆناغی دووەمر (ئاشوری ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی 1595-911 پ.ز دەگرێتەوە) قۆناغی سێیەمر (ئاشوری نوێ 911-612پ.ز)هەریەکێك لەمر قۆناغانە گرنگی خۆیان هەیە بەڵام قۆناغی سێیەمر گرنگترینیانە، ئەمر گەلە لەسەرەتاوە لە نیمچە دورگەی عەرەبی بوون لە بەشی باشوری میسۆپۆتامیاوە گەیشتونەتە باکوری میسۆپۆتامیا و لەپاڵ دانیشتوانی ناوچەکە و لە کەنار ڕوباری دیجلە نیشتەجێبوون و توانیویانە دەوڵەتێکی بەهێز بنیات بنێن بەدرێژای حوکمڕانی خۆیان خەریکی جەنگو فراوان خوازی بوون و بەشاڵاوە سامناکەکانیان بۆسەر گەلانی دەوروبەریان بەناوبانگ بوون تا ساڵی 612پ.ز توانیویانە حوکمی ناوچەکە بکەن لەو مێژووە وە لەلایەن ماددەکانەوە پایتەختەکەیان داگیرکراوەو وولاتی ئاشوریان بەتەواوی لە یاریە سیاسیەکانی ناوچەکە لاداوە ، ڕوداوی ڕوخانی دەوڵەتی ئاشور بە یەکوێ: لەڕووداوە هەرەگرنگەکانی مێژووی کۆن دادەنرێت

بۆزانیاری زیاتر لەسەر دەوڵەتی ئاشور بڕوانە (باقر،تەها (2018) سەرەتایەك بۆمێژوی شارستانیە دێرینەکان(کورتەیەك لە مێژوی شارستانی نێوان دوو ڕوبار ، وەرگێڕانی : عسمان عزیز و ئەفراسیاب ڕەشید، سلێمانی:جمال عیرفان).

ii - دەوڵەتی هەخامنشی (559-331پ.ز) لەلایەن کۆرشی دووەمر کە ناسراوە بە (کورش کبیر)دامەزراوە ناوی دەوڵەتەکەی هخانشی دەگەڕێتەوە بۆ ناوی باپیرەیان (هخامنش) کۆرش توای دوا پاشای ماددەکان (ئاستیاگ)تێکبشکێنێت و دەست بەسەر وڵاتی مادد و فارس و هەرێمەکانی دەوروبەریدا بگرێت و بەمەش بنەمای دەوڵەتێکی بەهێزی لەناوچەکە دامەزراندوەو دواتر توانیویەتی دەست بەسەر بابلدا بگرێت و دوایخۆشی جێنشینەکانی لە فراوانخوازیەکانیان نەوەستان توانیان ئەنادۆڵ و میسڕ و وڵاتی شام  بەشێکی ئەوروپاو شارە یۆنانیەکانیش بخەنە سەر دەوڵەتەکەیان ئەمر دەوڵەتە بەردەوامی هەبووە تا ئەوکاتەی ئەسکەندەری مەکدۆنی هێرش دەکاتە سەر ڕۆژهەڵاتو ڕووبەڕووی دواپاشای هەخامنشی (داریوشی سێەمر)دەبێتەوە لە شەری گۆگامێل تێکی دەشکێنێ و کۆتای بە دەوڵەتی هەخامەنشی دەهێنێت :بۆزانیاری زیاتر لەسەر دەوڵەتی هەخامنشی بڕوانە (گریشمن،رز (1385)، ایران از اغاز تا اسلام ، ترجمە:محمد ومعین، تهران:علمی و فرهنگی).

iii - سکاییەکان: ساکایەکان لە مێژوی کۆندا بە سێ پارچەی جوگرافی جیاوازیشدا پۆلێنبەندی دەکرێن؛ یەکەمر ناوی ساکا لە بەرد نوسەکانی ئەخمینی وەکو (Saka)ناویان هاتوە، لەبەڵگە ئاشوری و بابلییەکاندا بە (ئەشگوزانی) ناسراون و تەوارتیش وەکو (ئەشکوز یان ئەشکناز) ناویان دەبات و یۆنانیەکانیش وەکو (Skutho) ناویان دەبەن و ئەوروپییەکانیش لە دەقە مێژوییەکاندا پێیان دەڵێن (Scythe) کە مەبەست ئەو ساکایانەی دانیشتوی ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر (کاسپین یان مازەندەران)ە؛ ساکاکان بە سێ بەش دابەشدەبون: یەکەمر ساکاییەکانی ئاسیای ناوەڕاست کە لە ناوچەکانی سەیحون، جەیحون و ڕۆژهەڵاتی دەریای ئاراڵ نیشتەجێ بون ساکاییەکانی ڕۆژئاوا کە لە بەڵگە یۆنانییەکان بەتایبەتی هێرۆدۆت باسیان لێوەکراوە دانیشتوی باکوری دەریای ڕەش بون و ساکاییەکانی ئاسیای ڕۆژئاوا کە بەدوای شەڕ لەگەڵ (کیمیری)ییەکان لەمر ناوچەیە واتە باشوری ئانادۆڵ و تەنانەت باشوری چیاکانی قەفقاز نیشتەجێ بون بۆ ماوەی حەفتا ساڵ بەردەوامر هێرشیان دەکردە سەر ئێران، ئاسیای بچوک و دوئاوان و هتد..بڕوانە (موسوی بجنودی ، 1393 :327-339)

iv - عەشتار: یەکێکە لە خوداوەندە هەرە دێرینەکانی عێراقی کۆن پەرستنی ئەمر خوداوەندە مێیە ڕەگێکی مێژووی دێرینی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەریەکان لە ناوچەکاندا ، لەلای سۆمەریەکان خوداوەندی پیت و بەرەکەت بووە، لە دوای سۆمەریەکان ئەکەدی و بابلیەکانیش پەرستویانە و خوداوەندی دایکە کە سەرچاوەی پیت و بەرەکەت و خۆشەویستی و جوانی بووە ، ئەمر خوداوەندە لەسەردەمی ئاشوریەکان لە هەولێر (اربێلا) یەکێك لە خوداوەندە هەرە ناسراوەکان بووە هاوکات ئەمر خوداوەندە لەلای هۆریەکان بە (شاوشکە)ناسرابو ، بۆزانیاری زیاتر لەسەر ئەمر خوداوەندە بڕوانە :( رشید، 2004، 335-337) .

v - تەوڕات : Torah یەکێکە لە پەرتوکەکانی (کتاب المقدس) ووشەی تەورات بە عیبری بەواتای (فێرکردن یان ئاڕاستەکرن)دێت ، پەرتوکی پیرۆز (کتاب المقدس) لە پێنج بەش پێکدێت تەنها بەشێك لەمر پەرتوکە کە بە (پەیمانی کۆن Old Testament ) ناسراوە بە پەرتوکی ئایینی جولەکەکان دەژمێردرێت ، پەیمانی کۆنیش بۆ سێ بەش دابەش دەبێت (تەورات) بەشی یەکەمیەتی ، بەشی دووەمی ناوی پێغەمبەران-انبیاء(Prophets)ە و بەشی سێیەمر ناوی نوسراوەکان-مکتوبات(Writings)ە ، لە دواتریش هەر یەك لەمر پەرتوکانە چەندین لق یان پەرتوکی تریان لێدەبنەوە،وەك نمونە ئەگەر بیهێنینەوە (تورات) لە پێنج پەرتوك پێکدێت کە بریتین لە : 1.کتێبی خوڵقان 2. کتێبی دەرچوون 3.لێڤیتێس-ئەو بانگ دەکات 4.ژمارەکان- Numbers 5.وتارەکان (دێڤاریم- Deuteronomy) دواتر هەریەك لەمر پەرتوکانە بۆ نمونە پێغەمبەران نوسراوەکان چەند کتێبێکی تری لێدەبێتەوە (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تەوڕات و کتێبی پیرۆز خوێنەر پێویستە بگەڕێتەوە بۆ سەر خودی کتێبی پیرۆز)